# کورد لەناو جەرگەی تۆفاندا

(2011)

# کورد لەناو جەرگەی تۆفاندا

(2011)

ئازاد جندیانی

- ناوی کتێب: **کورد لەناوجەرگەی تۆفاندا (2011)**
- نووسەر: **ئازاد جندیانی**
- چاپ: **چاپی یەکەم**
- نەخشەسازی: **شۆڕش ئەحمەد**
- بەرگ: **ئاوارە هیوا**
- **تیراژ:** (500 )
- **لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ**

## دەستپێک

ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی هەڤاڵ ئازاد جندیانییە کە هەندێکیان زنجیرە وتارەو هەندێکیشیان وەك وتاری سەربەخۆ لەکوردستانی نوێدا بڵاوبونەتەوە• ئەمانە گوڵبژێرێکی تەنهاوتارەکانی ساڵی **2011**ن، دەنا بەشداری هەڤاڵ جوندیانی لەکوردستانی نوێدا، لەسەرەتاو لەنێوەنــدو لەئێــستای کــاروانی رۆژنامەکەشــدا، ئەگەر بەباشــی کۆبکرێنەوە، زنجیرە کتێبیان پێویستە بەجۆرێك کە بۆنەی یادی بیست ساڵەی کوردستانی نوێ گوزەر دەکاو هێشتا چارەکێکی نادۆزرێنەوە•

بەشداری بەرچاو و بەردەوامی کاك ئازاد لەکوردستانی نوێدا تەنها بەشداری راستەوخۆ و ناراستەوخۆی بەرپرسیارێتی نییە، بەشداری رۆژنامەنووســییانەو رونــاکبیرانەی ئەو لەدەرەوەی بەرپرســیارێتی سیاسی و ئیداری، لەراگەیاندنی یەکێتیدا، بەشدارییەکی کاریگەرترو

پەنهانترو بەوپێیەش خۆش مەشرەبتریشە٠ ئێمە لەکوردستانی نوێ هەڤاڵ جوندیانی تەنها وەك بەرپرس ناناسین، بەڵکو وەك ئەندامێکی رەسەن و هاوپیشەیەکی دێرین مامەڵەی دەکەین و ئەویش ئەم ناسنامە بەردەوامەو ئەو ئەندامێتییە بێ غەلوغەشەی پێ خۆشترە تا کایەی بەرپرسیاریی هەمیشە روو لەهەڵبەزو دابەز، لەبەرئەوە بێ ئیزنی خۆی، ئیجازەمان بەخۆماندا ئەم گوڵبژێرە لە وتارەکانی بکەینە دیاری بۆ یادی بیست ساڵەی کوردستانی نوێ کە بیست ساڵی تەجرەبەی ئەویشی قووتاداوە٠ هیواداریین ئەمەی ئێمە کردمان هاندەربێت بۆ هەڤاڵ و هاوپیشەمان کە وتارەکانی نۆزدەساڵەی رابردووشی کۆبکاتەوەو لەچاپیان بدات٠

**ماڵپاتی کوردستانی نوێ**

# I

# کورد لەناو جەرگەی تۆفاندا*

(1)

**چ تۆفانێکە؟**

ڕووداوەکـانی ئـەمـساڵی ژمـارەیەک لەوڵاتـانی عەرەب، کەهێـشتا هەم ڕووداوەکان و هەم لێکەوتەکانی بەردەوامن، نـاوی جۆراوجـۆری لێنراوە، بەڵام پێ ئەچێ بەکارهێنـانی بـەهاری عــەرەب بچەسـپێ، چــونکە زۆرتــــرین بەکــارهێنەری هەیە. کیــسنجەر کەوەزیــری پێــشووتری ئەمریکــا بــوو، لەڕووی کارلێــک و لێکەوتەکــانیەوە بەتسۆنامی ئەیشوبهێنێ. لەئێستادا قسەیەکم نییە لەسـەر نـاوەکەی تـا ئەو کـاتەی جوگرافیـای ڕووداوەکـان سـنووری وڵاتـانی عەرەب ئەبەزێنێ، ئەوسا ڕەنگە ناوی تری لێ بنـرێ. بەهەرحـاڵ بـا منـیش جارێ هەر بەهاری عەرەب بەکاربێنم.

ئەو بەهاری عەرەبە، گەرچی خـودی ڕووداوەکـانی لەنـاو وڵاتـانی عەرەب دایە، بەڵام کاریگەریی و ڕەنگدانەوە ڕاسـتەوخۆکانی بەسـەر چەنــدین وڵاتــی ئەفریقــاوە[1] هەیە، ئەوانەی عەرەب نــین، بەڵام هاوسـنووری لیبیـان، وەک چـۆن چەنـدین وڵاتـی غەیـرە عەرەبـی ئاسـیاش ئەگـرێتەوە وەک تورکیـا، ئێـران و ئیـسرائیل کەچـوار[2] زلهێزی ناوچەکەن. ئێران و ئیسرائیل دوژمنـی یەکتـرن، تورکیـاش ڕکابەری دووانەکەی ترە.

---

[1] بەسەر چەندین وڵاتی ئەفریقاوە، ئەوانەی عەرەب نین هەیە.

[2] چوار هەڵەیە (3) راستە.

که کیسنجەر ڕووداوەکان بەتسۆنامی ناو ئەبا، ئەوا کوردستان بە بەشەکانی عیراق، تورکیا، سوریاو ئێرانەوە لەناو جەرگەی ئەو تسۆنامی و لافاوەدان. بۆیە خۆبواردن، یان خۆدزینەوە لەکاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوانە بۆ کورد مومکین نییە هەرچەندە هێشتا زووە لەوە بگەین کەکورد چی پێ ئەکرێ و ئەبێ چی بکا، بەڵام بێگومان زوو نییە بۆ خۆسازدان بۆ هەموو سیناریۆو ئەگەرەکان. چونکە هەموو ئاماژەکان نیشاندەری ئەوەن کە نە تۆفانەکە بەئاسانی دائەمرکێتەوەو نە دنیای ئەم ناوچەیەش دوای نیشتنەوەی تۆفانەکە هەمان ئەو دنیایە ئەبێ کەئێستا هەیە، ئەڵبەتە دیاریش نییە ئاخۆ دوای نیشتنەوەی تۆفانەکە چەند لەکاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ناوچەیە لەسەر پێ ماونەتەوەو چەندیشیان بەلادا کەوتوون، وەک چۆن ئەگەری ئەوەش زۆرە ولات- کاراکتەری نوێش لەدایک ببن، بەڵام بێگومان کاراکتەرە نوێکان ئەوانە ئەبن کەسەرەڕای مەترسییە گەورەکانی تۆفان لێی نەسڵەمیونەتەوەو لەناو لرفەلرفی تۆفانەکەدا دەرفەتسازییان کردووە. ئایا کورد، کە لەناو جەرگەی تۆفانەکەدایە وا ئەکا یان نا؟ بەتایبەت کەزەحمەتە هەلومەرجێکی ئاوا لەناوچەکە برەخسێتەوە، لەو ڕووەوە کە لەیەککاتدا مەترسی و دەرفەت بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان پێکەوە بێت ئاراوەو زەمینەی ئەوە لەبار بکا کە پێکەوە دەرەفەتسازی بکرێ.

(2)

**دەرفەتسازیی**

کەشـوهەوای سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕۆژدوای ڕۆژ بەرەو گەرمـی ئەڕوا، مەسـەلەی سـوریا ئێـستا بەهەمـان قورسـایی خـۆی بەردەوامەو ڕیزبەنـدیەکی نـاوچەیی و جیهـانی دیـاری خولْقانـدووە. نـاکۆکی ئێـران و تورکیـا ڕووڵەهەڵکـشانە بەتـایبەت دوای ئەوەی تورکیـا ڕادارەکـانی پەیمـانی نـاتۆی لەنـاو خـاکی خـۆی و لەنزیـک سـنوورەکانی ئێـران دانـا. چـاوتێبڕینی تورکیـا لەجۆرێـک لەسەرکردایەتیکردنی ناوچەکەش ڕوونتر بۆتەوە. لەخـودی تورکیـادا کێـشەی کـوردو دەوڵەت بەئاقـارێکی خراپـدا ڕۆیـشتووەو شـەقامی کوردستانی تورکیا گەرمتر داهاتووە. کێشە ناوخۆییەکـانی عیـراق و ئامـاژەکـانی فەشـەل هێنـانی وەک دەوڵەتێکـی دیموکراتیـک و یەکگرتـوو بەردەوام کەڵەکە ئەبـن، بەتـایبەت لەوەختێکـدا کەکشانەوەی هێزەکـانی ئەمریکـا لەعیـراق تەنیـا چەنـد هەفتەیەکـی ماوە.

ئێـران کێـشە نـاوخـۆییەکـانی و ئـەو گـوشارە نـاوچـەیی و نێودەوڵـەتیانەی کـە لـەسـەریەتـی، بـەردەوام پـەرە ئەسێنن.

لەئاستی نێودەوڵەتیدا چین و ڕوسیا دیدیان سەبارەت بەچەنـدین مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەیەکتر نزیک بۆتەوە.

لەئاستی کوردستانیشدا: کوردستانی عیراق گوشارەکانی سەری لەناوخۆی عیراق و لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمیش بەشێوازو دەرکەوتنی جۆراوجۆر زۆرتر بووەو مەترسی هێرشی هەریەکە لەئێران و تورکیا بۆ سەر پژاک و پەکەکە ئەگەری هەمیشە ئامادەیەو تەقینەوەی بارودۆخی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانی عیراق ئەگەرێکی بەرچاوە کە لەگوینە هێندێ لایەنی عیراقی بیکەنە بیانووی خۆ تێوەگلاندنێکی مەترسیدار لەدەرەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی، کەوڵاتانی ئیقلیمیش، بەتایبەت تورکیاو ئێران لەتەقینەوەی بارودۆخی ناوچە دابڕێنراوەکان، دوورنابن، چونکە بەرژەوەندییان هەیە.

لەکوردستانی تورکیادا، چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لەلایەن دەوڵەتەوە پاشەکشەی کردووەو لایەنگری پەکەکەو هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان زۆرتر بووەو نموونەی ڕووداوەکانی میسرو تونس لەزهنیەتی لاوانی کوردستانی تورکیا گەشەی سەندووە.

لەکوردستانی ئێراندا، پژاکی لێ دەرچێ حزب و گروپەکانی تر بەدیدێکی عەقڵانی تر چاودێری ڕووداوەکان ئەکەن، بەڵام هەم ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران و هەم ئەوەی پێی ئەو ترێ بەهاری عەرەب کاریگەرییان بەسەر نەوەی نوێی کوردی ئێران جێ هێڵاوە.

بارودۆخی کوردستانی سوریاش، هەم کاریگەریی ڕووداوەکانی سوریای لەسەرەو هاتوونەتە سەرشەقامەکان و هەم کاریگەریی هەر ڕووداوێکی کوردستانی تورکیاو کوردستانی عیراقیش، لەئێستادا کاری ڕاستەوخۆی تێ ئەکا.

ئاقاری هەموو ئەو ڕووداوانەو کاردانەوەو لێکەوتەکانی بەسەر کوردستانەوە چی ئەبێ؟ پرسیارێکەو وەک خودی ڕووداوەکان ئاراستەیان ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی کەپێویستە ڕوون بێت ئامادەگی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە، بەتایبەت سەرکردایەتیی کوردستانی عیراق بۆ کارکردن لەگەڵ هەموو ئەو ئۆپشن و ئەگەرانەی لەڕووداوە نەقۆڵاکانی ناوچەکە ئەکەونەوە.

ڕووداوەکان ڕێساکانی گەمەیان نەک بۆ کورد، بەڵکو بۆ وڵاتانی گەورەی دنیاو بۆ زلهێزەکانی ناوچەکەش گۆڕیوە، بۆیە ڕێساکانی گەمە بۆ کوردیش گۆڕاوە، بەتایبەت گەمەکردن لەنێوان ئەو هەموولایەنە ناکۆک و ئەو هەموو مەترسیانەدا، خۆشی مەترسییە. لەبەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەی کەچیتر هێزە سیاسییەکانی کوردستان ناتوانن بەهەمان میتۆدی چەندین دەیەی ڕابردوو گەمەی سیاسی و مانۆڕ بکەن، ئەسڵەن ڕەنگە ئەم بارودۆخەی لەڕووداوە چاوەڕوانکراوەکانی ناوچەکە ئەکەوێتەوە، بواری مانۆڕکردن زۆر کەم بکاتەوە، بەشێوەیەک کەمانۆڕکردن خۆشی مەترسی بێت.

ڕێسای گەمەکردن بۆ کورد ئەبێ یەک شت وەدی بێنێ، ئەویش گۆڕینی هەموو مەترسییەکانە بۆ دەرفەت. لێرەوە سیاسەتی سەرکەوتوو و حەکیمانەی سەرکردایەتیی سیاسی و دەستە بژێری سیاسیی کورد دەرئەکەوێ.

(3)

## مەرگی هەندێ تێز

ناوچەکەمان لەسەنتەری ڕووداوەکاندایە، ئەو ڕووداوانە نەک تەنیا ناوچەکە، بەڵکو وەک زۆرێک لەچاودێران بۆی ئەچن گۆڕانی گەورە بەسەر دنیاشدا دێنێ. کورد لەو ناوچەیەدا، بەهۆی دابەشکرانی لەنێوان چوار دەوڵەتی گرنگ و ڕکابەرو ململانێکەری یەکتردا دەژی، بۆیە لانیکەم بەڕووداوە تایبەتەکانی هەر دەوڵەتێک یان هی هەر چوار دەوڵەتەکە پێکەوە گیرۆدە ئەبێ.

کورد لەم بارودۆخەدا ناتوانێ تەماشاکەر بێت و ناتوانێ خۆی بخاتە لاپەڕگەی ڕووداوەکان و تا نیشتنەوەی لافاوەکە خۆی حەشار بدا.

کورد لەهەر بەشێکیدا، یان ئەوەتا ئەبێتە بەشێک لەئەجێنداو سیاسەتی ئەو وڵاتەی پێیەوە لکێندراوە، یان لەدژی ئەبێ. بەواتایەکی تر بارودۆخە وا ئاڵۆز ئەبێ ناتوانێ بێلایەن بێ.

ئەی بێلایەن نابێ چی ئەکا؟

ئەگەرەکان، ئەوەی تا ئێستا ئەبینرێن بەمجۆرەن:

-کورد بەپارچە پارچەیی و لەهەر بەشێکی وڵاتەکەیدا تێکەڵ بەئەجێندای ئەو دەوڵەتە ببێ کەپێیەوە لکێندراوە. وەک چۆن لەسەدەی ڕابردوو و لەسەرەتای ئەم سەدەیەشدا هەروای کردووە، یان تەنیا وای بۆ لواوە.

-کـورد، لەهەر بەشـێکیدا ئەجێنـدای خـۆی لەگەڵ ئەجێنـدای وڵاتێکی ناکۆک لەگەڵ ئەو وڵاتەدا جووت ئەکا کەئەو بەشێکیەتی.

-کورد لەهەر بەشێکیدا تێکەڵ بەئەجێندای یەکێک لەزلهێزەکانی دنیا ئەبێ، کەمەرج نییە ئەجێندای ئەو زلهێزانە بەقازانجی کورد بێت.

-کـوردی هەمـوو بەشـەکان، پـێکەوە سـتراتیژێکی سـەربەخۆ هەڵئەگرن و بەو پێیە لەگەڵ زلهێزێکی دنیا یان زلهێزێکی نـاوچەیی ڕێک ئەکەوێ.

ئەوەی، بەڕوونـــی دیـــارە ئەوەیە کەکـــورد لەبـــاردۆخە چاوەڕوانکراوەکەدا، ناتوانێ گەمەکانی نیوسەدەی ڕابـردووی خـۆی دووبـارە بکـاتەوە، بەوەی کەڵـک لەنـاکۆکی نێـوان ئەو وڵاتـانە وەربگرێ کەکوردستانیان پێوە لکێنـدراوە، وەک چـۆن زەحمەتیـشە ئەو وڵاتانەش بتوانن هەمان ئەو گەمانەی خۆیـان دووبـارە بـکەنەوە کە کەم و زۆر بەهۆی کوردەوە ئەیانکرد.

واتا، چونکە هەم ئەم بارودۆخەی ئێستا جیـاوازەو هەم کـوردیش وەک سـەردەمی جەنگـی جیهـانی یەکەم و دوای جەنـگەکەو هەروا وەک سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمیش نییە، کەبـێ ئەزمـوون و نائامادەو دواکەوتووبێ و نەتـوانێ هـیچ یـارییەک بکـاو هـیچ ڕۆڵێـک ببینێ، بەتایبەت کەئەزموونی دوو دەیەی ڕابردووی هەیە کەلانـیکەم فێری ئەلف و بێیەکی گەمەی سیاسی بووە.

ئەمە جگە لەوەی کەپتر لەسی ساڵە بزووتنەوەی کـوردایەتی ئەو خەسـڵەتە نالەبـارەی لەبەرۆک بـۆتەوە، کە لەبەشـێکی شـۆڕش و بـزووتنەوەی کـوردایەتی هەبـێ و بەشـەکانی تـر خـۆڵی مردوویـان بەسـەرداکرابێ، وەک ئەوەی بەشـەکان بەنـۆرە شـۆڕش بـکەن. واتـا

ئێستا کوردایەتی، لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا گەرم وگوڕە، گەرچی ڕەنگە شێوازی بەشێک بۆ بەشێکی تری جیاواز بێت کەئەمەش پەیوەندیی بەخەسڵەتی ئەو دەوڵەتانەوە هەیە کەکوردستانیان پێوەلکێندراوە.

بۆیە، لەم شەردەمی تۆفانەدا، مەترسیدارترین ستراتیژیی کوردایەتی ئەوەیە کەستراتیژێکی پارچەپارچە بێت و هەر بەشە بەشێوەیەکی حەسری ئەرکی خۆی لەو دەوڵەتەدا ببینێتەوە کەپێوەی لکێندراوە، یاخۆ قورسایی ستراتیژیی خۆی بخاتە سەر چۆنیەتی تێکەڵبوون و دانەبڕان و بوون بە بەشێک لەبزاوتی دیموکراسی ئەو دەوڵەتەی پێیوەلکێندراوە.

واتا کورد پێویستی بەوەیە کەسەرلەنوێ پێناسەیەکی تر بۆ ئەم دوو چەمکە کلاسیکییە بکاتەوە، یەکەمیان: کوردایەتی لەهەر بەشێکی کوردستاندا، گەرچی لەبنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکی دابەش و داگیرکراوە، بەڵام لەهەر بەشێکدا ڕووبەڕووی ئەرکی جیاواز ئەبێتەوە. دووەمیان: بزووتنەوەی کوردایەتی بەشێکی دانەبراوە لەبزووتنەوەی دیموکراسی ئەو دەوڵەتە کە بەشەکەی کوردستانی پێوە لکێندراوە.

ئەو دوو تێزە، کە لەبناغەدا زادەی سەردەمی ئیمپریالیزمی کۆن و سەردەمی جەنگی ساردن و زادەی دۆخێکی جیۆپۆلەتیکی سەختن و تەعبیرن لەو بێ ئومێدیەی کەکورد لەسایەی وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا دووچاری بووبوو، وەک چۆن تەعبیریش بوون لەو کلتووره سیاسی و تیۆری و فیکرییەی کە کۆمۆنستیەکانی ئەو سەردەمە لەناو نەتەوە بن دەست و نیشتمانە داگیرکراوەکاندا سەپاندبوویان و ببوو بە بەشێک

لەبیرکـــردنەوەی سیاســـی دەســـتەبژێرو حـــزبە سیاســـییەکانی ئەو نەتەوانە. کە لەڕاســـتیدا سیـــستمی نێـــودەوڵەتیش ئەو ســـەردەمانە هەمان دەرسی بەنەتەوە ژێردەستەکان دائەدا.

بەڵام ئێـستا، لەســـەردەمی ئەم تۆفـانەدا ئەبـێ کـورد ئەو تێـزە کلاسـیکیانە تـووڕ هەڵبـدا، چـونکە نزیـک بەسـەدەیەک ئەو تێـزانە، تێـزی چەسـپاندنی پـارچە بـوون بـووە لەزاکیـرەو فیکـری سیاسـی کوردستاندا.

ئیتر زەمەنی مەرگی تێزە کلاسیکییەکانی کوردایەتییە.

(4)

## ئەی کامە تێز؟

لەوتاری پێشوودا نووسیبوومان کەهێندێ تێز کەوتن و مردن. بۆ نمـوونە ئەو تێـزەی کەسـاڵەهایەکی زۆرە کـوردی گیـرۆدەی ئەوە کردووە کە ئەبێ لەهەر بەشێکی کوردستاندا بزووتنەوەی کوردایەتی ببێتە بەشێک لەبزاوتی دیموکراتی ئەو وڵاتە. جاران هەموو کەسێک کە ئەلف و بێیەکی زانیبا تیـۆرو تێزەکـانی بـزووتنەوەی دیمـوکراتی لەهەر وڵاتێکدا ئەبەستەوە بەبزاوتی هێـزە دیموکراتەکـانی جوگرافیـا سیاسییەکەوە، هێزە دیموکراتییەکانیش پێناسەی خۆی هەبووە، بۆ نموونە لەعیراقی سەردەمی سەدام حسێندا، دەیان حزب و گـروپ و کەســـایەتیی سیاســـی هەبـــوون کە ئۆپۆزســـیۆن بـــوون، هەر ئەو ئۆپۆزســـیۆن بـــوونەش وایکردبـــوو کە لەنێـــوان ئەوپەڕی چەپـــی

ئۆپۆزسیۆن و ئەوپەڕی ڕاستی ئۆپۆزسیۆن بەیەکەوە لەسەر بەرنامەیەکی ڕووخاندنی ڕژێم کۆبکاتەوە، ئەگەر ئەمریکا ڕژێمی نەڕووخاندایەو حاکمیەتی عیراق بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەدەست حاکمی ئەمریکیدا نەبووایە، ئەوا بەرنامە هاوبەشەکە تا ساتەوەختی ڕووخاندنی ڕژێم ئەبووە کۆکەرەوەی هەمووان. لێرەوە پرسیارێک هەیە، ئایا دوای داگیرکردنی کوێت و ئەو جەنگەی بۆ لابردنی داگیرکارییەکە بەرپاکراو بەمەش زەمینەی یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عیراق باشتر ڕەخساو کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی بۆ ڕێبەرایەتیکردنی دامەزرا، بۆ کۆنگرەکە ناونەنرا کۆنگرەی دیموکراتی نیشتمانی عیراق؟ ئەوە بەو مانایە نەبوو کەپێناسەی هێندێ لایەنی غەیرە ئیسلامی سیاسی هەموو هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیان بەهێزی دیموکرات نەئەزانی؟ بەدیوێکی تردا ئایا بەو مانایەش نەبوو کە لانیکەم هێندێ لایەنی ئیسلامی سیاسی چەمک و سیستمی دیموکراتیان قبوڵ نەبوو؟

لەئێستادا، لەتونس هەموو ئەو ڕەوت و حزبە سیاسییانەی کە بەشدار بوون لەشۆڕش، بەلاوەکانیشەوە، چەمکی شۆڕشی دیموکراتیکیان هەڵنەگرت. لەمیسریش بەهەمانشێوەو لەلیبیاش بەهەمان جۆر بوو، لەسوریاو یەمەنیش بەهەمانشێوەیە. ئێستا لەهەموو ئەو وڵاتانەو ئەوانەی تریش کەکاندیدن بۆ ڕوودانی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین، مەرج نییە وەک ئەوترێ سیستمێکی دیموکراتیکی لێ بەرهەم بێ، ڕەنگە کە ئەم وتارە ئەخوێنیتەوە سەرەتای ڕاست یان ناڕاستی ئەو بۆچوونەمان دەربخا، بەمەرجێ ئەگەر دیموکراسی لەهەڵبژاردن و دەنگدان و خۆهەڵبژاردندا کورت نەکەینەوە.

بەکورتی ئێستا ئەو جوڵانەوەی کە لەوڵاتاندا هەیە ڕوون نییە چییە؟ کارێکم بەسەر پێناسە دیپلۆماسییەکانی سیاسەتمەدارانی وڵاتانی گەورەی دنیاو پێناسەی شاگەشکە بوونی ڕۆژنامەگەریی ئەو وڵاتانەشەوە نییە کەڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەب، بە بەهاری عەرەب ناودەبەن. چونکە من پێموایە ماویەتی تا لێکدانەوەی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ڕووداوانە بکرێ، بەڵام بێگومان ئەو ڕووداوانە سەرەتای وەدەستهێنانەوەی بەشێک لەکەرامەتی ئینسانەکانە، کەهێشتا دیار نییە ئەمەش بەدەست هێزگەلێکی نیو دیکتاتۆر لەشێوازێکی جیادا شکست دێنێ یان نا؟

بۆیە ئەگەر لەڕابردوودا تێزی بوون بە بەشێک لە (ڕەوتی دیموکراسی) بۆ کورد تێزێک بووبێ بۆ ترس لەئافەرۆز بوون و ترس لەزۆرتر چەوساندنەوەو مەتەرێزێک بووبێ کورد خۆی تیا پاراستبێ، ئەوا لەئێستا، کەچەمکی بزووتنەوەو بگرە شۆڕشی دیموکراتیکیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە ناکۆکی و ململانێکانی ناو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، کەپێناسەو تێزەکانی دوێنێ، وەک خۆیان فریای فۆرمەڵەکردنی ناکەون.

کەواتە بەپێی ئەو لۆجیکەی سەرەوە ئیتر بۆ کورد تێزی بوون بە بەشێک لەبزووتنەوەی دیموکراتیکی ئەو وڵاتانەی پێی بەستراونەتەوە، تێزێکە تەنیا بەئەندازەی پرۆسەی گۆڕینێک بڕ ئەکاو ناتوانێ ببێتە ستراتیژ.

بەکورتی، ئەبێ کورد، لەم هەلومەرجەدا کەهێشتا ئەکوڵێ و ئەگۆڕێ تێزێک دابڕێژێ، کەتێزی دەربازبوون نەبێ لەمەترسی، بەڵکو تێزێک بێ بۆ خوڵقاندنی وەرچەرخان لەبوونی کورد لەم

نــاوچەیەدا. لەوتارەكــانی داهاتوومانــدا لەمەڕ ئەدگــارو ســیما ســەرەتاییەكانی تێزێكـی لەو جـۆرە ئەدوێـین و مەبەستیـشم لێـی كــردنەوەی دەرگــای گفتوگــۆیە بەســەر دۆزیــنەوەی نــاوەرۆك و ئەوســاش نــاوی تێــزەكە، كەمــن تەنیــا بــۆ ناســینەوە بەتێــزی خولقێنەری وەرچەرخان ناوم ناوە.

(5)

## خەونی دیموكراتیزەكردن و مافی كورد

لەمەڕ ئەو پرسیارەوە ئـاخۆ ئەوەی ئێستا لەنـاوچەكەدا ڕوویئەداو كراوەیە بەسەر ئەگەری جۆراوجۆردا، بـۆ كـورد قـازانجی تیـایە یـان مەترســـی؟ لەوەڵامـــی ئەو پرســـیارەدا دەســـتەبژێری سیاســـی و شارەزایانی كورد بەسەر سـێ دەسـتەدا دابەشـبوون. دەسـتەیەكیان پێیوایە، چونكە ئەو بـارودۆخە دیموكراسـی لەنـاوچەكە بەرپـا ئەكـا بۆیە بەقازانجی كوردە. دەستەی دووەمیش پێیوایە كەئەو ڕووداوانە بــۆ كــورد مەترســییان هەیەو ئەبــێ ئەو مەترســییانە بگــۆڕین بەدەرفەت. ئەڵــبەتە دەســتەیەكی تــریش هەیە كە بــارودۆخەكە وا ئاڵۆز ئەبینێ كەخۆی لەقسە لەسەركردن ئەپارێزێ و تەنیا چـاوەڕێ ئەكا.

لەم وتــارەدا تەنیــا دەرفەتــی ئەوەم هەیە كەبــاس لەدەســتەی یەكەم بـكەم، ئەو دەسـتەیەی كەپێیـوایە ئەم لافـاوەی هەڵیكـردووە دەرفەتە بۆ كوردو بەرگری لەو تێزە ئەكەن.

ئەو دەسـتەیەی کەخەونەکـانی کـورد لەسـەر دیموکراتیزەبـوونی تەواوی نـاوچەکە بنیـادئەنێ، بڕوایـان بەوەیە کەتـا دیموکراسـی لەنـاوچەکەدا فراوانتـر ببـێ بـۆ کـورد قـازانجە. کەئەمە وەک مەسـەلەیەکی ڕێژەیـی ڕاسـتە، واتـا ئەگەر بەو چـاوەوە تەماشـای بکەین کە بەدیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتـانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشکراوە، هێندێ لەمافە سەرەتاییەکانی کورد لەبـابەتی خوێنـدن بەزمانی دایک و دەرچوواندنی گۆڤـارو ڕۆژنـامەو دامەزرانـدنی ڕادیـۆ تەلەفزیۆن و بەرهەمهێنانی هونەری بەزمانی کوردی وەدیدێن، هەروا خۆنمایـانکردن و بەشـداری سیاسـیی کـورد لەچوارچێـوەی پرەنـسیپەکانی دیموکراسـی وەدیـدێن و کـورد، وەک نەتەوە لەدەسەڵات بەشدار ئەبێ. بەڵام ئامـانجە سیاسـییەکانی گەلەکەمـان لەنـاوچەکە وەدینـایەو کـورد هەر بەپـارچە پـارچەیی ئەمێنێـتەوەو نـابێتە خـاوەنی پێکهـاتەیەکی سیاسـی بەڕەچەڵەک سـەر بەکـوردو ناشـتوانێ سیاسـەتێکی سـەربەخۆ پەیـڕەو بکـا، چـونکە بەو جـۆرە دیموکراسـییە لەهەر وڵاتێکـدا کەکـوردی تیـایە تونـدتر بەسیاسـەتی ئەو وڵاتە وابەستە ئەبێ، لەکاتێکدا کەڕوونە تـا مەودایەکـی یەکجـار دووروودرێژی زەمەنی ئەو وڵاتانە هەڵگری تۆوی ناکۆکی و ململانێ و دوژمنایەتین لەگەڵ یەکتر. ئەو نمـوونە لەدیموکراسـیەی کەڕۆژئـاواو ئەمریکا ئەیانەوێ شتۆکەیەک لەوەی ئێستا لەتورکیـا هەیە زۆرتـرە، کەئەویـش تێـری خەون و ئامـانجی کـورد ناکـا. کەبـۆی هەیە دیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتانەو چەسپانی پرەنسیپەکانی بەهـاووڵاتی بـوون جـارێکی دیـکە ببـنەوە بەکـۆت و بەنـدێکی دەسـتووریانە بـۆ کوردو لەئاستی ناوخۆی هەر وڵاتێک لەو وڵاتانەو لەئاسـتی دنیاشـدا تێکۆشانی کورد تەنها بەسەر ئەو چەنـد دەسـکەوتانەدا خـەتـم ببن

که لەسایەی دیموکراسیدا بۆی دابین ئەبن. من تەنیا لەیەک حاڵەتدا بەدیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتانە بۆ کورد بەناپەسەند نازانم، کەپرۆسەی دیموکراتیزە کردنەکە پێناسەیەکی روونیش بۆ جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد دابین بکات. لەوبارەوە ئەزموونی عیراقمان هەیە، لەعیراقدا سەرەڕای هەموو ئەو دەسکەوتە زۆرانەی وەدیمان هێناون، بەڵام هێشتا تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە وەک جۆرێک تۆمەت سەیر ئەکرێ و هەرگیز دەرەفت بەکورد نەدرا کە لەڕاپرسییەکی سەربەخۆدا بەشداربێت و وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا ئەتانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی عیراق بن یان سەربەخۆبن؟ کورد وەک هەموو هاووڵاتیانی عیراق دەنگیان لەسەر قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی دەستوورێکدا، کەخۆشمان لەنووسینەوەیدا بەشداربووین و زۆرینەی کوردستانیش بە بەڵێ دەنگی بۆدا -کەخۆشم بە بەڵێ دەنگم دا- و زۆر دەسکەوتی گرنگیشی بۆ کورد تیادا سەلمێنراوە، بەڵام لەڕاستیدا پرۆسەی دەنگدان بەدەستوور بە بەڵێ یان بە نەخێر، ئەو پرەنسیپی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤەی بۆ کوردی عیراق نەسەلماند کە بەشێک ئەبێ لەعیراق یان سەربەخۆ ئەبێ، یاخۆ لەگەڵ بەشێکی تری کوردستان لەوڵاتێکی تردا یەک ئەگرێتەوە. واتا وەک ڕاپرسییە ناکامڵەکەی بەریتانیاش نەبوو کەپێش کۆتاییهێنانی ئینتداپ لەعیراقدا بۆ چارەنووسی کورد ئەنجامیاندا. بەڵکو ئەوەی کرا بە بەڵێ و نەخێریشیەوە بەستنەوە بوو بەعیراق لەڕێی گرێبەستێکی تردا.

بۆیە ئەو تێزەی کەدیموکراتیزەبوونی ناوچەکە بێ سێ و دوو لەقازانجی کورددا ئەبینن، تێزێکی نادروستە، ئەگەر ساویلکانەش

نەبێ، چونکە ئەزموونی عیراق پێیوتین کە لەدیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتانەی کوردیان پێوەلکێنراوە، کۆمەڵێک دەسکەوت بۆ کورد وەدیدێنێ، بەڵام تەنیا یەک ئیختیار لەبەردەمیدا بەڕوونی و ڕاگەیەندراوی و فراوانییەوە ئەکاتەوە، کەئەویش ئیختیاری نوێکردنەوەی گرێبەستی بەستنەوەیە بەو چوارچێوە جوگرافیایەی سەد ساڵ لەمەوبەر، کەهەر ئەو گرێبەستەیە بوو کەتائێستاش کورد لەسایەیدا بەشێوەو ئەندازەی جیاجیا ئەچەوسێنرێتەوە.

(6)

**دیموکراتیزەبوونی ناتەواو و ئیفلیج**

ئەگەر ئامانجی گەلی کوردستان، لەوەدا کورت بکەینەوە کەهەر بەشەو لەو وڵاتەی کەتیایدا ئەژی مافی ئۆتۆنۆمی، بەفیدرالیشەوە هەبێ، ئەوا ئەگەری ئەوە زۆرە لەم ئاڵوگۆڕانەدا ئەو ئامانجە بەئاستی جیاجیا لەهەموو بەشەکانی کوردستان وەدی بێ. بەڵام ئەگەر کورد ئەم ئاڵوگۆڕانە بەوەرچەرخانی ئەم سەدەیە بزانێ بۆ سەراپای ناوچەکە، ئەبێ لەو ڕاستییە بگەین کەدیموکراتیزەبوونی ناوچەکە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی کورد لەبنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆ کۆسپ و مەترسییە. لانیکەم لەبەرئەوەی ئەو تێگەیشتنە لای وڵاتانی کاریگەریی دنیادا هەیە کەوەرچەرخانەکە بەگەیشتن بەدیموکراسی لەو وڵاتانە ئەگاتە کۆتایی. بەو پێیە ئەو دەوڵەتانەی کەئەبنە دەوڵەتی دیموکراتیک لەلایەن وڵاتانی وەک ئەمریکاو

ئەوروپـــــاو لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکـــــانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکـــانەوە شـــەرعییەتیان پـــێ ئەدرێ و پـــشتیوانی و هاوکارییـان ئەکـرێ، کەئەو وەخـتە کەس نـابێ پـشتیوانی لەکـورد بکـات بـۆ وەدیهێنـانی سـەربەخۆیی و هەر بەو پێـیەش هەمـوو هەوڵێکـی کـورد، ئەگەر زۆریـش مەدەنیـانە بێـت، بەهەڵـگەڕانەوە لەدیموکراسـی حـساب ئەکـرێ. چـونکە لەدیـدی ئەو وڵاتـانەدا بەدیموکراسی بوونی وڵاتەکانی ناوچەکە و وەک ئەوترێ پێکهێنـانی دەوڵەتـی هـاووڵاتی بـوون و دۆسـتایەتیکردنی ئەمریکـاو ڕۆژئـاواو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووریی ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتە گەورانە کۆتـایی ئەو حیکـایەتی وەرچەرخـانەیە، کە ئەمریکـاو ڕۆژئـاوا پلانـــداڕێژو کـــاراکتەری ســـەرەکین. ســـەبارەت بەخـــودی ئەو وڵاتانەشەوە، ئەو گۆڕانکارییانە، لانیکەم لەمەودای دیاردا زاڵبـوونی ڕەوتـی ئیـسلامیی سیاسـی ئەوتـۆیە کەنمـوونە بـاڵاکەی تێـزی دەوڵەتداری ئێستا پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیـایە، کەپێمـوانییە کـورد، ڕەوتە ئیـسلامییەکانی لـێ دەرچـێ ئەو دنیـابینییەی پـارتی دادو گەشـەپێدان بەکارسـازیی مەسـەلەی کـورد بـزانن، بەتـایبەت لەدیری کوردستانی عیراق.

ئایـا ئەمـانە مەترسـی نـین؟ ئایـا ئەمـانە مەترسـی نـین لەدیموکراتیزەبوونی ئەو دەوڵەتانە؟

وەک لەســەرەوە وتمــان دیموکراتیزەبــوونی ئەو وڵاتــانە، بەدەر لەهەبوونی ستراتیژێکی کوردستانیانە، هێندێ قازانجی بـۆ کـورد، چ وەک گروپـی ئەتنـی و چ وەک تـاکی کۆمەڵگـا، تیـایە. بەواتـایەکی دیکە یەکسانکردنی ئامـانجی سـتراتیژیی کـورد بەدیموکراتیزەبـوونی ئەو وڵاتـانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە، خـۆ پاراسـتنە

لەمەترسـییەکانی دان نەنـان بەپێناسـەی نەتەوەیـی، دان نەنـان بەکلتووری نەتەوەیی، وەدەستهێنانی دەرفـەتێکە بـۆ وەک نەتەوە بەشـداربوون لەئیـدارەدانی وڵاتەکە لەچوارچێـوەی هـاووڵاتی بـوونی کورد لەدەوڵەتەکەدا.

بەڵام ئایـا ئەمە کە، لەم سـەرەوە وەک دەسـتکەوت حـسابە، لەسـەرەکەی تـرەوە مەترسـی نیـیە لەسـەر ئامـانجی سـتراتیژیی کوردستان؟

لەم بۆچوون و خوێندنەوەیەوە، کەدەسـتەیەک لەسیاسـەتمەداران و دەستەبژێری سیاسی و رووناکبیری کوردستان، پێیانوایە ئەگەر ئەو مەترسـیانەی سـەرەوە نەگـۆڕدرێن بەدەرفەت، ئەوا ئەم گۆڕانکارییانە لەڕوانگەی ئامـانجی سـەربەخۆییدا، مەترسـین و ئیتـر خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی زیندە بەچاڵ ئەکا.

گـۆڕینی هەرە گرنگـی ئەو مەترسـیانە بـۆ دەرفەت لەوەدا خـۆی ئەنـوێنێ، کە بەر لەهەمـووان خۆمـان و ئەوسـاش لایەنە کاریگەرەکـانی نـاوچەکەو جیهـان بگەیەنیـنە ئەو قەنـاعەتەی کەدیموکراسی و دیموکراتیزەکردنی وڵاتان، بێ دەستەبەرکردنی بێ چەندوچوونی ریفراندۆمی ئازادانە بۆ دیارکردنی چارەنووسی کوردو نەتەوە هاوشـێوەکانی لەهەر یەکێـک لەو وڵاتـانە لەسـتراکتۆردا دیمـوکراتیزەکردنێکی نـاتەواو و ئیفلـیج ئەبـێ. وەک چـۆن وەئەستۆنەگرتنی بەرپرسیارێتی شەرعی و ئەخلاقی لەلایەن ناوەندە دەولییەکـان و وڵاتە کاریگەرەکـانی دنیـاو خـودی ئەو وڵاتەش کەڕیفرانـدۆمی تـایبەت بەکوردی تیـا ئەکرێ لەبەرامـبەر ئەنجامی ڕیفرانـدۆمەکە، ئەوا ئەو دەوڵەتە نـابێتە دەوڵەتێکـی دیموکراتیـک، وەک چۆن نە ئەتوانێ دەوڵەتێکی سـەرکەوتوو بـێ و نە ئەشـتوانێ

ئیـستقرار بـۆ خـودی وڵاتەکەو نـاوچەکەش وەدیبێنــێ، وەک چـۆن هەشــتا ســاڵ پتــرە لەتورکیــادا ئەبینــین و لەوڵاتــانی غەیــرە دیموکراتیکی وەک عیراقیش بینیمان.

(7)

## لەپێشدا خۆمان

بەهەموو حـسابێک، بەدیموکراتیزەبـوونی هەر وڵاتێـک، بـۆئەوەیە کە، ئەو وڵاتە هێمنی و ئاسایش بەخـۆوە ببینـێ، تـا ئەو هێمنـی و ئاسایـشە ببێـتە هۆکـاری بنەڕەتــی هەرە گرنــگ و پێویــست بــۆ پەرەپێــــدانی کــــۆمەڵایەتی و ئــــابووری و کلتــــووری وڵاتەکەو تەندروستبوونی پرۆسەی سیاسی و پەیوەندیی نێوان چـین و تـوێژو پێکهــاتە کۆمەڵایەتییەکــانی. دەنــا ئەگەر دیموکراســی تەنیــا لەو مانایانەدا کورت بکرێتەوە، کەپەیوەستن بەهەڵبژاردنی جۆراوجـۆر و وەک ئەوتـرێ دابینکردنـی بەشـداری هاووڵاتیـان لەبڕیـاری سیاسـی وڵات لەڕێـی دەنگدان بەنوێنەرانیـان بـۆ چـوونە نـاو دامەزراوەکـانی یاسادانان، یاخۆ بـۆ دابینکردنـی ئازادییەکـانی ڕادەربـڕین، ئەوا ئەو جۆرە لەدیموکراسی ناتوانێ ببێتە سیستمێک کە لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئیستقرارو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابین بکا.

خۆ ئەگەر دیموکراسـی بەپێـی ئەو ڕوونکـردنەوانەی سـەرەوە بـۆ وڵاتێکــی خــاڵی لەپێکهــاتەی ئەتنیکــی و ئــایینی و مەزهەبــی وا بکەوێتەوە، ئەی بۆ ئەو وڵاتانەی کەفرە نەتەوەو فـرە ئـایین و فـرە

مەزهەبـن چـۆن دیموکراسـی بەو پێناسـەی کەئێـستا هەیە ئایـا ئەتوانێ ئەرکەکانی پەرەپێدانێکی هاوسەنگی هەمەلایەنە وەدیبێنێ؟

هەموو بەشەکانی کوردستان، کەوتـوونەتە چوارچێـوەی ئەو وڵات یـان دەوڵەتـانەوە کە، لەیەککاتـدا فـرە نەتەوەو فـرە ئـایین و فـرە مەزهەبن. لەڕووێکی دیکەشەوە ئەو وڵاتـانە، کە لەزۆر شـوێنی تـری دنیاشدا نموونەی وا هەیە، نە بۆ هەموو هاووڵاتیانی بـۆتە نیـشتمان و نە ئینتماش بۆ دەوڵەت و نیشتمانەکە بۆتە ڕۆحیەتێکی چەسـپیو یـان پێناسـەیەکی جێـی شـانازی ئەو نەتەوە، ئـایین یـان ئەو مەزهەبـانەی کەزۆریـنەی ڕەهـای دانیـشتووان و بەو پێـیەش دەنگـدەرانی کیـانە سیاسـییەکە پێـک نـاهێنن. کەهاووڵاتیـانی نەتەوەیەک، یان ئایینێک، یان مەزهەبێـک لەو دەوڵەتـانەدا هەسـتی ئینتمـای بـۆ نیـشتمانە سـەپێنراوەکەو دەوڵەتە سـەپێنراوەکەو ئـاڵا سەپێنراوەکەدا نەبێ، چۆن ئەو وڵاتە لەئیستقرار بەرخـوردار ئەبـێ؟ بـۆ سـەلماندنی ئەو ڕاسـتییە ئەتـوانین هەر بەشـێک لەبەشـەکانی کوردستان بکەینە نموونە. ڕەنگە باشـترینیان نمـوونەی تورکیـا بـێ کە بەپێـی سـتانداردی هێنـدێ نێوەنـدی دەولـی وەک دەوڵەتێکـی دیموکراتیک ئەژمارئەکرێ. کـورد نەتەوەیەکـی گەورەی ئەو وڵاتەیە، ئەو بەشەی ئێستای کوردستان، کە بەکوردستانی تورکیـا ناسـراوە، لەوەتەی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانلی هەیەو تائێـستاش کەکۆمـاری تورکیا، کە 2011/10/30 یادی هەشتاوهەشت ساڵەی دامەزرانـی خۆی کردەوە، ئەو بەشەی کوردستان هەر لەژێر دەسەڵاتی زۆرینەی تورک دا بووە، بەڵام بەردەوامـیش شـۆڕش و ڕاپەڕیـن یـا خـۆ وەک ئەدەبیاتی ڕەسمی عوسمانلییەکان و کۆمـاری تورکیـا ئەڵـێن یـاخی بوونیـان (عـصیان) بەردەوام بـووە. کە لەچەنـد دەورەیەکـی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیدا ئیمارەتە کوردییەکان زۆرجار جۆرێک لەئۆتۆنۆمیشیان هەبووە. لەسەردەمی نوێی کۆماریشدا، هاوولاتیانی کوردی ئەویش وەک هاوولاتی تورک مافی دەنگدان و خۆپالاوتنیشیان هەبووە بۆ پەرلەمان (ماوەیەکی کەمی سەرەتای دامەزرانی کۆمار بەناوی نوێنەری کوردستانەوە چوونەتە پەرلەمان)و زۆر پلەو پایەشیان پێدراوە، بەپێی چەمک یان پرەنسیپی هاوولاتی بوونەوە. بەلام زمان و کلتووری نەتەوەییان لێ قەدەغە بووە (ئێستا لەگەل ئەو کرانەوە رێژەییەی کە لەسەردەمی پارتی دادو گەشەپێدان هاتۆتە ئاراوە ئەو قەدەغە بوونە بێ هیچ پشتیوانییەکی دەستووری کالتر بۆتەوە). کەواتە ئەگەر دیموکراسی بریتی بێت لە: هەلبژاردن، ئەوسا بردنەوەی زۆرینە، لەگەلیدا پاراستنی مافەکانی کەمینە، کەمەبەست کەمینەی پەرلەمانییە نەک کەمینەی ئایینی یان ئەتنیکی یان مەزهەبی و هەروا بریتی بێ لەدەساو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلات، ئەوا ئەتوانین بلێین ئەوە لەو ولاتەدا روویداوە.

بەلام ئایا هەموو ئەو هات و هاوارەی لەبارەی دیموکراتی بوونی تورکیاوە ئەکرێ و ئەو هەموو هەلبژاردنانەی بۆ پەرلەمانەکەی ئەکرێ و ئەو هەموو حزبانەی بەناو کوردە هەن و دامەزراون و قەدەغەکراون و بەناوی ترەوە سەریان هەلداوەتەوەو بەکورتی بەپێی چەمکی تورکیانەی دیموکراسی ئەزموونێکی زۆریان کەلەکە کردووە، هەموو کەلەکەبوونی ئەو هەموو ئەزموونە توانیویەتی ئیستقرار بۆ ئەو ولاتە بەتواناو کاریگەرە دابین بکەن؟ توانیویەتی هاوولاتیانی کوردی خۆی، یان عەلەوی خۆی، یان چەرکەس و عەرەب و لازو ئەرنائۆت و یۆنانی خۆی بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی

کەبێ دوودڵی و بەبڕوابوونەوە ئینتمای خۆی بۆ وڵات، نیشتمان، دەوڵەت و ئاڵاکەی ڕابگەیەنێ؟

خۆ ئەگەر کوردستانی عیراقیش بەنموونەیەکی دیکە بێنینەوە، کە لە1921ەوە دەوڵەتی عیراق دامەزراوەو کورد نەتەوەی دووەمی ئەو وڵاتەیەو زۆرینەی مەزهەبی تریشی تیایە وەک شیعە، ئەمە جگە لەکەمینەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی تر. لە2003 و بەتایبەتیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و پەسەندکردنی دەستوورێکی (دیموکراتیک) عیراق دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەخۆوە بینیووە، بەڵام ئایا ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی عیراق ئیستقرار بکا؟ ئایا بۆتە هۆی ئەوەی کەکورد، وەک نموونە، بێ دوودڵی و بەکاملی ئیرادەی خۆی شانازی بەئینتمای خۆیەوە بۆ بکا بۆ دەوڵەتی عیراق، گەرچی فیدراڵیشەو کورد لەبەشێکی خاکەکەی لەعیراقدا حوکمڕانییەکی نموونەیی خۆماڵیش بەڕێوە ئەبا، کەچی ئەوە ئێستا خەو و ئامانجەدوورەکەی ورووژاندوویەتی و پرسی دەوڵەتی سەربەخۆ یان لانیکەم وێوە تر لەفیدراڵیزم داوا ئەکا؟

ئەمانە ئەگەر نیشانەی ئەوە نەبن، کەچەمک و تیۆرو سیستمی دیموکراسی بەدیموکراسی لیبراڵیشەوە بۆ ئەو وڵاتانەی وەک ئێستای عیراق، تورکیا، ئێران و سوریا وان، بەهیچ جۆرێک تێری ئەوە ناکا کە، ئیستقرار بەهەموو بەرجەستەبوونەکانییەوە بەرپا بکا، پەرەپێدان و لێبووردەیی و ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەدی بێنێ.

کەواتە، جێی خۆیەتی و وەختیەتی بەکەڵک وەرگرتن لەئەزموونی هەموو وڵاتان، لەهەموو تیۆرو فەلسەفەکان، بەڵام دوور لەدۆگم و ڕەدووکەوتنی ئەم یان ئەو تیۆر جارێکی دیکەو

بەمیتــۆدێکی کــراوەوە پەیوەنــدیی نێــوان چەمکەکــانی ڕزگــاری نەتەوەیــی، دیموکراســی و ئیــستقرار فــرە ڕەهەنــد بــۆ خۆمــان بخوێنینەوە، چونکە ئەبێ ئەو تێزە بەرزبکەینەوە کەئەڵێ: لەپێشدا خۆمــان. کەبێگومــان مەبەســتمان لێــی ((خۆمــان و هــیچ)) نیــیە، بەڵکو مەبەستم لێی ((خۆمان و ئەوانی تریش))ە.

*دیموکراســی لەبنچیــنەدا حــوکمی گەلە لەلایەن گەل خــۆیەوە، بەڵام زۆرجــار ئەم وشــەیە بــۆ دیموکراســی لیبراڵــی بەکاردێــت کەسیستمی دیموکراسی باوە لەوڵاتانی رۆژئـاواو هەروەها لەجیهـانی ســەدەی بیــستویەکەمیندا. بەو شــێوەیە بەکارهێنــانی دەســتەواژەی دیموکراسی بۆ وەسفی دیموکراسی لیبراڵی تێکەڵییەکی بەربــڵاو دروســـت دەکـــات لەبەکارهێنـــانی زاراوەکەدا چ لەرۆژئـــاواو چ لەرۆژهەڵات، چـــونکە دیموکراســـی شـــێوەیەکە لەشـــێوەکانی فەرمــانڕەوایی سیاسی کە بەگشتی لەسەر ئـاڵوگۆڕی ئاشـتیانەی دەســەڵات و حــوکمی زۆریــنە دامەزراوە لەکاتێکدا لیبراڵــی تەئکیــد لەسەر پاراستنی مافی تاکە کەس و کەمینەکان دەکات.

(8)

## بوعدە چەوسێنەرەکەی دیموکراسی

باوای دابنێین، ئەم ڕووداوانەی لەبەشێک لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت ڕوودەدەن، وڵاتەکــانی نــاوچەکە، بەو، وڵاتانەشــەوە کەکوردستانیان پێوە لکێنـراوە، ببـنە وڵاتـی دیمـوکراتی پەرلەمـانی

ئەوتــۆ کەهەڵبژاردنیــان تیــا بکــرێ و ئــازادیی رادەربڕینیــشی تیابێ و دەسەڵاتیش ئاشتییانە دەساودەست بکا. ئەو وەختە کــورد بــۆ ئەبــێ حــــزبی هـــــەبێ، بەڵام بــێ پاشــگری کـــــورد یــان کوردســتان، ئەو کــاتە کــورد ئەتــوانێ خــۆی هەڵبژێــرێ بــۆ ســەرۆکی کۆمــارو ســەرۆکی پەرلەمــان، بەڵام هەرگیز بەشێوەی دەنگدانی دیموکراتی کەسیان نابێتە سەرۆک کۆمــارو ســەرۆکی پەرلەمــان، چــونکە ئەوەی پێــی ئەوتــرێ هاووڵاتیبوون لەو وڵاتانە جێی ئینتما بۆ نەتەوە یان ئایین یان مەزهەب نــاگرێتەوە، نەک تەنیــا بــۆ کــورد، بەڵکــو بــۆ نەتەوە زۆرینەکــانی ئەو وڵاتــانە کەعیــراق، ئێــران، تورکیــاو ســوریا ئەگــرێتەوە. ئەو دەوڵەتــانە نەتەوە-دەوڵەتــن واتــا تورکیــا دەوڵەتــی نەتەوەیــی تــورکە، عیــراق دەوڵەتــی نەتەوەیــی عەرەبەکــانی عیــراقە، ئێــران دەوڵەتــی نەتەوەیــی فارســەو ســوریاش دەوڵەتــی نەتـــــەوەیی عـــــەرەبی ســوریایە. ئەگــــەر عیــراق بەنمــوونە بێنیــنەوە لەدوای ڕووخــانی ڕژێــم کەس بــۆی نەکــرا بڵــێ عیــراق نــابێ ببێــتەوە بەئـــــەندامی کـــۆمکـــاری عـــــەرەب، چـــــونکە عیــراق لەبنەڕەتــدا لەدوو نیشتمان پێکهاتووە، نیــشتمانی کــوردو نیــشتمانی عەرەب، کە لەمێــژوودا بەعیـــراقی عەرەبــی و عیراقــی عەجەمــی نــاوی هاتووە.

بــۆیە، قبــوڵکردنی دیموکراســی وەک چارەســەر بــۆ کــورد، ڕاست نییە ئەگەر کورد پێناســەیەکی تــر بــۆ دیموکراســی لەم وڵاتــانەدا نەکــا، پێناســـەیەک کەتەنیــا مانــای هەڵبــژاردن و خۆڕێکخستن و ئازادیی رادەربڕین نەگــرێتە خــۆ، بەڵکــو مانــای

فراوانتر بۆ چارەی خــۆنووسین بگرێتەوە. با هەمـدیس عیـراق بــەنموونە بێنینەوە. کورد لەعیــــراقدا دەنگـی بـۆ دەسـتوور دا، بەڵام بـاقی دانیـشتووانی عیـراقیش دەنگیـان بـۆ هەمـان دەســــتوور دا. خــــۆ ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری دەنگـــــدەری کوردستان دەنگیان بەنەرێش بۆ دەستوور بدابایە، چـونکە ئەو نەرێیە لەچـاو هەمـوو عیراقـدا کەمیـنەی پێـک ئەهێنـا، بـۆیە دەسـتوور بەنەرێ گـۆیی کـورد ڕەت نەئەکـرایەوە. ئـەمــەش مانایوایــــە دەنگـــدان لەســــەر دەســــتوور لەڕوانــــگەیەکەوە پرۆسەیەکی تەواو دیمـوکراتیکە، بەڵام لەڕوانـگەکەی تـرەوە نـا دیمـوکراتیکە، چـونکە ئیختیـارو ئـازادییەکی مـردووی داوەتە کورد کەهیچی لێ شین نابێتەوە.

ئێـستا وەختــی ئەوە هــاتووە، کەدەسـتـەبژێری سیاســی و ڕووناکبیری و ئەکادیمیانی بوارەکانی سیاسـەت لەکوردسـتاندا، بیــرۆکەیەک تــاوتوێ و گەڵاڵە بــکەن، کەدیموکراســیەت لەم وڵاتــانەدا بوعـدێکی تـری پێبـدرێ، ئەویـش بوعـدی ئـازادی بڕیــاردانە لەســـەر چــارەی خۆنووســینی ئەو نەتەوانەی لەو وڵاتــانەدا زۆریــنە پێـک نـاهێنن. ئەبـێ ئـێمە خۆمـان و دواتـر نەتەوەکــــانی هاودەوڵەتــــــی ئێــــستامان لەوە بگەیــــن کەدیموکراســی بــێ بوعــدی ئــازادی چــارەی خۆنووســین، سیستمێکە ئازادی ڕاستەقینەو دەنگدانی ڕاسـتەقینە نـاهێنێتە ئــاراوەو پرۆســـەیەکی کەم ئەنــدام و نــاتەواوی ئەوتــۆیە کە لەپەنایەوە شێوازی تر لەچەوسانەوە بەردەوام ئەبێ و لەوەش خراپتر ئەو چەوسانەوەیە بەنـاوی دیموکراسـیەتەوە شـەرعیەت وەرئەگرێ.

(9)

**خۆ پێناسە کردنەوە**

هەرچەنــــدە کوردســــتان وەک نیــــشتمانی نەتەوەیەک پارچــــە پارچەکراوەو لەیەکتر دابڕێنـراوە، بەڵام سـنوورەکانی نێوانیـان وەک هێمنی شاعیر ئەڵێ تەنیا بستۆکەیەکە. بەدرێژایی ساڵانێکی زۆریش هەوڵی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە بـۆ تێکدانی ئەو بەردەوامییە دیموگۆافییەی کـورد لەنێـوان پارچەکـانی کوردسـتاندا پووچەڵ بـۆتەوە. لەڕاپەڕینـی کوردسـتانی عیراقیـشەوە پەیوەنـدیی نێوان کوردستانیانی ئەو بەشانە پتر یاسایی، یاخود ئاسـایی بـووە، بەتـایبەت لەنێـوان کوردسـتانی عیـراق و ئێرانـداو تـا ئاسـتێکیش لەنێوان کوردستانی عیراق و تورکیا. وەک چۆن پەرەسەندنی بواری گواستنەوەو گەیاندن هامووشۆی نێوان کوردانی هەموو پارچەکـان و هەروا کوردانی پەرش و بڵاوکراوی سۆڤێتی جاران و ڕەوەندی کـورد لەدەرەوەو پێـــشکەوتنی هۆکارەکـــانی پەیوەنـــدی و تەلەفـــۆن و ئینتەرنێـت و کەنـاڵە ئاسـمانییەکان وایـانکردووە کە، پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆو ناڕاسـتەوخۆ لەنێـوان نەوە جۆراوجۆرەکـانی کـوردانی هەمـوو پارچەکـان ئاسـان و بەردەوام و پەرەسـەندو بـێ و ژن و ژنخـــوازیش لەنێوانـــدا بەشـــێوەیەکی ئاســـایی و یاســـایی پەرەی سـەندووە. بەواتـایەکی دیـکە ئەگەرچـی لەڕووی جیۆپـۆلەتیکییەوە بـــارودۆخی کوردســـتان، بەتـــایبەت هـــی کوردســـتانی عیـــراق و

کوردستانی ئێران بۆ کورد ئاڵۆزو نەگونجاوە، بەڵام مانەوەی کورد لەدیوی هەموو سنوورەکانیدا لەپاڵ یەکتر لەناو ئەو دیمەنە جیۆپۆلەتیکییە بوغرنجەدا، باری جیۆ دیموگرافی، جیۆ کۆمەڵایەتی و جیۆ رووناکبیری بەهێزەوە بەردەوامەو هەیە کەئەمەش، لانیکەم بۆ ئەم هەلومەرجەو بۆ ئەم رۆژگاری لافاوەدا وەک خاڵێکی ئیجابی حساب ئەکرێ. چونکە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ یەکتر ئەبنە قووڵاییەکی ستراتیژی و لەرووداوە پێشبینیکراوە خێراکانی ئێستادا ئاسانتر بستۆکەکانی سنوور تێک ئەشکێن و کوردستان بەسەریەکەوە، لەسەروبەندی رەسمکردنەوەی ناوچەکەدا ئەتوانێ بارستاییەکی دیموگرافی نەتەوەیی، سیاسی کاراو قورس پێک بهێنێ و وڵاتانی ناوچەکەو ئەمریکاو ئەوانی دیکەش ناچار بکا، لەجیاتی ئەوەی پێکەوە، وەک سەدەی رابردوو بکەونە وێزەی کورد، یان لەبەردەم یەک تاکە ئیختیاردا دای بنێن کەئەویش ئیختیاری ئەو وڵاتانە خۆیانە، ئەوا لانیکەم ئیختیاراتی کورد خۆیشی دێتە سەر مێزی گفتوگۆو دانوستان.

داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیاو تیۆریسینی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا، لەکتێبەکەیدا کەنەخشەرێگای ئێستای حکومەت و دەوڵەتی تورکیایەو بەمانیفێستی تیۆری عوسمانلی نوێش ناوئەبرێ، پێیوایە کە لەدوای رووخانی سۆڤیەتەوە هێشتا دنیا بەسەر سیستمێکی نوێدا ساغ نەبۆتەوە. لەو بارەوە وای ئەبینێ کەبۆ رەسمکردنەوەی سیستمێکی نوێ، ئەبێ وڵاتان سەرلەنوێ خۆیان پێناسە بکەنەوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونەی داود ئۆغلۆ کە لەڕاستییەوە نزیکە، بەڵام بەبۆچوونی من

لاســـەنگییەکی بنەڕەتـــی تیـــایە، کەڕەنـــگە بەمەبەستیـــشەوە ئەو لاسەنگییەی پەیڕەو کردبێ کەبۆتە هۆی لاوازییەکی ئەکـادیمیش لەنووسینەکەیدا. ئەویش ئەوەیە کە داود ئۆغلۆ لەم سەردەمەداو دوای ئەم هەموو گۆڕانە قـووڵانەی بەسـەر هەمـوو دنیـاو هەمـوو نەتەوەو گەلەکاندا هاتووە، نـاوبراو هێنـدێ لەوڵاتـانی نـاوچەکە، کەوڵاتەکەی خۆشـی ئەگـرێتەوەو فراوانتـرین سـنووری دەرەوەی ئەوروپـای ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانلی ئەگـرێتە خـۆو ئێرانیـشی ئەخاتە پاڵ و بەدەوڵەتی پایەدارو نەمری دائەنێ، بەتایبەت ئەو سـێکوچکەیەی ئەو ناویـان بەدەوڵەتـی مەرکەز ئەبـا لەنـاوچەکە کەمەبەسـتی تورکیـاو میـسرو ئێـرانە. کەلێنـی تیـۆرییەکەی ئەو لەمەڕ دەوڵەتە ناوەنـدەکانی نـاوچەکە ئەوەیە کەئەو دەوڵەتـانە وەک قەوارەی سیاسی بەنەمـر ئەزانـێ و پێیـوایە کەئەو وڵاتـانە بەخۆپێناســـەکردنەوە تەواوی نـــاوچەکە پێناســـە ئەکەنەوە، لەکاتێکـدا ئەوە لەبیـر خـۆی ئەبـاتەوە کەئەو ناوچـانە نەتەوەی زۆر گەورەی تیـــان کە بەهـــۆی سیاســـەتی خـــودی ئەو وڵاتە ناوەندانەوە، لەڕابردوودا خراونەتە پەراوێزەوە، کەنەتەوەی کـورد نەتەوە هەرە فراوان و بەهێزو کاریگەرەکەیەتی، کەئێـستا بەخـۆ کەوتـۆتەوە. بـۆیە ئەو سـتراتیژەی داودئۆغلـۆ لەکاتێکـدا ڕاسـت دەرئەچێ و ناتەواوی تیا نامێنێ ، کەبڵـێ ئەو نەتەوانەش ئەبـێ خۆیان پێناسە بکەنەوە.

لێـرەوە ئەبـێ ئەوە بڵـێم کەئەبـێ کـورد، پـێکەوە بەپەلەو بـێ دوودڵـــی و خۆمـــاتەڵکردن خۆیـــان پێناســـە بـــکەنەوە. لەو ڕووەوە کەکورد بەتەمایە هەر ئاوا پارچە پارچەو کەمینـەی ئەم وڵات و ئەو وڵات بێ، یاخود نا؟

(10)

## مەترسییەکان ماون، بەڵام گۆڕاون

کورد هەمیشە ترسی لەهەڵگرتنی دروشمی وا هەبووە کەبۆی نەکرێ و چوار وڵاتەکەی لێ هار ببێ و پێکەوە بکەونە وێزەی. بێگومان ئەو ترسە بێ جێ نەبووە، بەتایبەت لەو ڕوانگەیەوە کەبێجگە لەژمارەیەک مەترسی ناوچەیی سیاسەتی دەولیش لەقازانجیدا نەبووە، بەتایبەت لەسەردەمی جەنگی سارددا. دوای نەمانی ئەو جەنگەش، کەشارەزایانی بواری سیاسەت مێژووەکەی بەڕووخانی دیواری بەرلین دەستنیشان ئەکەن، هەلومەرجی کورد گۆڕانی گرنگ و جەوهەری بەسەردا هاتووە، کە بەلێکەوتەیەکی هەلومەرجە دەولییەکەی دوای جەنگی سارد حساب ئەکرێ. لەبواری دروشمەوە بەدوو ئاراستە بووە، لەکوردستانی عیراقدا کۆتایی بەدروشمی ئۆتۆنۆمی هاتوو دروشمی فیدرالیزم جێی گرتەوەو لەواقیعیشدا جێبەجێ بوو. لەکوردستانی ئێرانیشدا ژمارەیەک لەحزبەکانی کوردستانی ئەوێ چەند ساڵێکە دروشمی فیدڕاڵیان بەرزکردۆتەوەو لەکوردستانی سوریاشدا دروشمی بزووتنەوەی کوردایەتی ئاستێکی بالاتری بەخۆوە دیوە، کەئێستا لەقۆناغی گەلاڵەبوونێکی تردایە. بەڵام ئاراستەکەی تر، کەکوردستانی تورکیا ئەگرێتەوە، کەپەکەکەو چەندین ڕێکخراوی تر دروشمی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەییان هەڵگرتبوو، دوا بەدوای گیرانی ئۆجەلان و

ئەو پاشەکشەیەی بزووتنەوەی چەکداری ئەوێ بەخۆیەوە بینی، ئێستا پەککە بەڕەسمی دروشمی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی بەرزکردۆتەوە، واتا لەکوردستانی تورکیادا لەچاو پێشووتردا ئاستی دروشمەکەی دابەزیوە.

ئایا ئێستا کورد ئەو مەترسییانەی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە لەسەریەتی نەماون؟ یان کەمبوونەتەوە؟ یاخۆ شێوازیان گۆڕاوە؟ پێموایە، لانیکەم تا ئەم ساتە وەختە، وەڵامێکی یەکگرتوو لەئارادا نییە، بەڵام مشتومڕو خولیای دۆزینەوەی ئەو وەڵامە هاوبەشە لەئاستێکی فراواندایە. گومانیشی تیانییە کەمەترسییەکانی سەر کورد گۆڕانی جۆرییان بەسەردا هاتووە. دیارکردنی مەترسییە گۆڕاوەکان و ناسینییان لەچوارچێوەی هەلومەرجەکەدا، لەپاڵ ناسینی خاڵە بەهێزەکانی کوردایەتیش لەهەمان بارودۆخ، بۆ خۆپێناسەکردنەوەی کورد لەم قۆناغەو لەم ناوچەیەو لەناو گێژەنی ڕووداوەکان و ئەگەرەکانی دوای نیشتنەوەی یەکجار گرنگە، بەڵام گرنگتر لەوەش بۆ خۆپێناسەکردنەوەی نەتەوەی کورد، میتۆدو میکانیزمەکانی ناسینی ڕووداوەکان و مەترسییەکانی و ناسینی خودو کاراکتەرە جوگرافی و سیاسی و کلتوورییە ناکۆکەکانمانەو وردتریش بڵێم دۆزینەوەی شتە مومکینەکانە بەدیدێکی نوێ چەشن، دیدێک کەدنیاو ناوچەکە، لەجوڵەی بنەڕەتی لەپێشدا تاقینەکراوەدا ببینێ و گیرۆدە نەبێ بەخوێندنەوەکانی ڕابردوو بۆ یارییە دەولی و ناوچەییەکان، ئەو یارییانەی کەناحەزانمان پتر تیایدا براوە بوون و بەشی بردنەوەکانی ئێمە لەچاو موستەحەقاتی ڕەوای خۆمان زۆر کەمتر بووە.

(11)

## دژە جیۆپۆلەتیکی کلاسیکی

لەسـەدەی بیـستەمداو لەدەیەی دووەمـی ئەو سـەدەیەدا ئاسـۆی ئومێـد بـۆ کـورد کـرایەوە، وەک ئەوەی سـەرەتای گـۆڕانێکی گەورە بێ. تەپ و تۆزی مەیدانی شەڕوشۆڕی جەنگی یەکەمـی جیهـان ڕوو لەنیشتنەوە بوو، بەڵام تەپ و تۆزی ململانێی هێزە براوەکان هێشتا بەری ئاسـمانی گرتبـوو، شـێخ مەحمـودی نەمـر شانـشینێکی لەبەشێکی کوردستانی عیراقدا ڕاگەیاندو خۆشی بووە مەلیک.

نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیـستەم دووجـار حـوکمڕانی شـێخ مەحمود، کۆماری مەهابادو چەندین شۆڕشی لەکوردسـتانی تورکیا-ی بەخۆوەبینی، بەڵام هەموو ئەو ئەزموونانە شکستیانهێنا، تا لەدوا دەیەی هەمان سـەدەدا، ئەزمـوونی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرەڕای هەمـوو هەڕەشـەکان، سـەرکەوتنی خـۆی تائێـستا پاراستووە.

وادیارە لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی بیست و یەکەمـدا، کەئێستا تیایـدا دەژیـن، گەرچـی جەنگـی جیهـانی سـێیەم بەتێگەیـشتنە تەقلیـدییەکەی ڕووی نەداوە، بەڵام دنیـا، بەتـایبەت نـاوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتانی ئیسلامی بەشـێوەیەکی جیـاو بەرچـاو روو لەئـاڵوگۆڕەو واپـێ دەچـێ جیهـان لەو نـاوچەیەدا خـۆی ڕێکبخاتەوە. ئەم هەلومەرجە، سەرەڕای مەترسی و هەڕەشەکانیشی

بۆ کورد دەرفەتێکی گرنگەو نابێ لەدەستی بداو نابێ بەدەستی بەتاڵەوە بچێتە ناو دەیەو ساڵەکانی ئەم سەدەیەوە.

یەکێک لەهەڕەشەکانی سەر کورد لەئێستادا، وەک سەرەتای سەدەی رابردوو و سەرەتای خۆرێکخستنەوەی جیهانی دوای ئیمپراتۆرییەتەکانی ئەوسای دنیا، هەڕەشەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستانە. سیاسەتمەدارو تیۆرسێن و ستراتیژ داڕێژەرانی کورد، لەماوەی پتر لەسەدساڵی رابردووداو تا ئەگاتە ئێستا، لەبەردەم ئەو مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەدا دەستەوەستان و هێدمەگرتوون، گەرچی ناوە ناوە لەڕووی فیکری ستراتیژیدا موغامەرەشیان کردووە. بەردەوامبوونی ئەو مەترسییە تا ئەمڕۆ، هەمان دڵەڕاوکێی و ترس لێنیشتنی هێشتۆتەوە، بەڵام هەر ئەو هەڕەشەیەشە بۆتە هۆی ئەوەی کەمەترسییەکی هاندەر لای کورد بخوڵقێنێ، ئەویش مەترسییە لەوەی کەئەم دەرفەتەش لەدەست کورد بچێ هیچی ئەوتۆی تیا دەست نەکەوێ.

ئەگەر لەسەر ئەوە هاوڕاییەک هەبێ، کەئێستا لەڕووی زاتییەوە کورد پێگەیشتوو ترەو لەڕووی بابەتیشەوە پێشکەوتنی ئەوتۆ هەن کەپێکەوە کورد بۆ خۆپێناسەکردنەوە ئامادە بکەن. ئەوا ئەبێ ستراتیژ داڕێژەرانی کورد کار بۆ ئەوە بکەن کەخودی مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکەی کوردستان بگۆڕن بەدژە جیۆپۆلەتیکێک. ئەو دژە جیۆپۆلەتیکە ئەبێ لەسەر بناغەی ئەوە دابڕێژرێ کەکورد وەک نەتەوەیەکی گەورەی نێوان نەتەوە زۆرینەو تائێستا باڵادەستەکانی ناوچەکەیەو کوردستانیش جوگرافیایەکی فراوان و دەوڵەمەندە بە: سەرچاوەکانی وزە، سەرچاوەکانی ئاو گوزەرگایەکی گرنگی بازرگانی و تێپەڕینی بۆرییەکانی نەوت و گازو هەروەها خاوەنی

پێگەیەکی بەهێزیشە، کەپێچەوانەی سەرەتاکانی سەدەی رابردوو فاکتەرەکانی دیمۆگرافییەکی هاویەک و یەکگرتووی تیادا چەسپیووە.

بۆیە کورد دەبێ بەو دژە جیۆپۆلەتیکەوە بچێتە مەیدان و قورسایی خۆی لەقورسایی ئەو دژە جیۆپۆلەتیکەوە دابین بکاو شکست بەهەرەشەی جیۆپۆلەتیکی تەقلیدی کوردستان بێنێ، کەتائێستا دەست و پێی کوردی گرتووە. هەر لەسەر بناغەی ئەو دژە جیۆپۆلەتیکەشەوە ئەبێ پێناسەی کەمینە بوونی ئەم وڵات و ئەو وڵات ببوێرێ و ئەو سنوورە کلاسیکییەی خۆپێناسەکردن تێپەڕێنێ.

*لەڕۆژانی (2011/10/9) بۆ (2011/11/13) بەزنجیرە بڵاوبۆتەوە.

# II

# باسوخواسی یەکێتی

## یەکێتی لەسەرەتای ساڵەوە

(1)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی 2010-یشی بەڕێکرد، کە نایشارینەوە ساڵێکی زۆر گرنگ و هەستیار بوو بۆ یەکێتی، وەک چۆن بۆ گەلەکەشمان ساڵێکی هەستیارو گرنگ بوو. ساڵێک بوو کەیەکێتی یەکێک لەهەستیارترین کۆنگرەکانی خۆی تیادا بەست و بەسەرکەوتوویش ئەنجامی دا. لەبارەی سەرکەوتنی کۆنگرەکەوە زۆر نووسراوەو وتراوە، بەڵام ئەوەی کە ئەبێ زۆرتر لەسەری بووەستین و بیڵێینەوە، بریتییە لەوەی کەکۆنگرە قۆناغی قەیرانی ناو یەکێتی بەشێوەیەکی شەرعی کۆتایی پێهێناو لەیەک کاتدا بۆ هەڤاڵان و لایەنگرانی خۆی و بۆ هەموولایێک و بۆ چاودێرانی سیاسیی کوردستان و عیراق و ناوچەکەو دنیاشی سەلماندەوە، کەیەکێتی لەبەر زۆرهۆی بابەتی و زاتی، هێزێکە هەمیشە لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی رووبەڕووی ئەبنەوە مەزنترو بەهێزترە. بەهێزی یەکێتی بۆ تێپەڕاندنی قەیران و مەترسی و هەڕەشەکان تەنیا لەوەوە نەهاتووە، کەهێزێکە لەدایکبووی هەلومەرجی بابەتی تێکۆشانی کوردایەتی و هەلومەرجی کوردەوارییە، وەک چۆن تەنیا لەوەشەوە نەهاتووە کەڕەگێکی فراوانی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە، هەروا تەنیا لەوەشەوە نەهاتووە کەمێژوویێکی پڕ لەسەروەری و پڕ لەدەستکەوتی بۆ ئامانجەکانی کوردایەتی

تۆمـارکردووە، بەڵکـو لەوەش هەمـووی گرنگتـر یەکێتـی بەردەوام سیاسەتەکانی خـۆی دوور بینـانە دارِشـتووەو بـرِوای بەوە هەبـووە، کەهێـزی لابەلاکەرەوە بـۆ هەر حزبێـک لەسیاسـەتی راسـت و رەوا دایە، سیاسەتی راست و رەواش لەسـەر بنەمـای سـتراتیژی روون و زانــستیانە پەیــرِەو ئەکــرێ، و ئەو ســتراتیژەش بەتێگەیــشتنی زانـستیانە لەهەمـوو فـاکتەرو ناکۆکییەکـانی نـاوخۆو دەرەکـی و لەهەمـوو هاوکێـشە سـەرەکی و لاوەکییەکـان، واتـا لەتێگەیـشتن لەماناو فاکتەرو دەلالەتەکانی هەڵکشان و داکشانەوە هەڵئەبژێردرێ.

بۆیە ساڵی رابردوو و ساڵی پێشووتریش، کاتێ کەزۆر لایەنـی دۆســت و نادۆســت و هەریەکەو لەمــونتەڵەقێکەوە چــاوەرِوانی ئەوەیــان ئەکـرد یەکێتــی لەژێـر بـاری هەرِەشــەو مەترســی و رووداوەکان بپوکێتەوە، یەکێتی خـۆی ئەو بـارودۆخە ناسـازگارو بــوغرنجەی، بەهەمــوو مەترســییەکانییەوە وەک ئەزمــوون و دەرسێک ئەبینی و لەجیـاتی ئەوەی تەسـلیمی هەنـدێ مەترسـی جددی و ئیرادەی پاشەکشێ ببـێ، سیاسـەتی خۆرِێکخـستنەوەو خۆدەرخستنەوەیەکی زۆرتـری گـرتەبەر، کەئەنجامەکەشـی، وەک چاوەرِوانیمـان ئەکـرد، دەربـازبوون بـوو لەتەڵە جۆراوجۆرەکـان. ئەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێ بەدرێژایی رۆژگاری ئەو هەرِەشانەش کە لەسەر یەکێتی هەبوون، یەکێتی لەرۆڵی خـۆی وەک هێزێکـی سەرەکی کـوردایەتی لەئاسـتەکانی کوردسـتان و عیـراق و دنیـاو نــاوچەکە پــاش نەکەوت و بەهەمــان گەرموگــورِی و کــارایی و هەست بە بەرپرسیارێتییەوە ئەو رۆڵەی خـۆی بەجـێ ئەگەیانـد، کەئەمەش فـــاکتەرێکی تـــری دەربـــازبوون لەقەیرانەکـــان و سەرکەوتنی بوو.

(2)

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە لە2011دا ڕووبەڕووی یەکێتی ئەبێتەوە، مەسەلە عیراقییەکانە، هەر لەپەیڕەوکردنی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانییەوە، تا ئەگاتە ئەو مەسەلانەی لەئەدەبیاتی سیاسیی عیراقدا بەمەسەلە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان کوردستان و بەغدا ناودەبرێت کەگرنگترینیان مادەی 140ی دەستوور، یاسای نەوت و گاز، چارەنووسی پێشمەرگەو پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدرالی و چەندین مەسەلەی تری دەستوورین. ئەمە جگە لەمەسەلەی دیموکراسی لەعیراقدا، بەتایبەت مەسەلەی ئازادییەکان کەهەست بەوردە وردە بەرتەسککردنەوەی ئەکرێ. بەواتایەکی تر، ئەم ساڵ لەئاستی عیراقدا ساڵێکی ئاسایی نابێ و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا، پەیوەندییەکانی فراکسیۆنی کوردستانییەکان و هاوپەیمانیی کوردستانیش، پەیوەندییەکی بێ گرێ و گۆڵ و بێ کێشەی جددی نابێ، بەتایبەت کەپێکهاتەی حکومەتی نوێی مالکی وەک هی پێشووتری نابێ و ئەنجومەنی سیاسەتەکانیش فاکتەرێکی تری سیمای جیاوازی دەسەڵاتی تەنفیزی عیراقە. بۆیە ئەوەی چاوەڕوان ئەکرێ بەزوویی سەرهەڵدان و سەرهەڵدانەوەی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان کوردو بەغدایە، کەهەمدیس ململانێ و ناکۆکیی وەک چوارساڵی پێشووتر نابێ، بەو مانایەی کەبۆ کورد دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان و دەرچوون لێیان وەک جاران ئاسان نابێ.

کەواتە بۆ یەکێتیش وەک یەکێک لەدوو هێزەسەرەکییەکەی کوردستان،ساڵێکی ئاسان نییە. هەر بۆیە لەداڕشتنی بەرنامەی کاری یەکێتیدا لەئاستی مەسەلە عیراقییەکان و کێشە چاوەڕوانکراوەکانی نێوان کوردو بەغدا، ئەم ساڵ وەک ساڵێکی گرنگ و هەستیار لەبەرچاوگیراوە. ساڵێکی هەستیارە بەو مانایەی کەچەندین فاکتەری هاوکێشەکانی عیراق گۆڕاون و گەمە ڕێساکانی گەمە سیاسییەکان وەک هی ڕابردوو نین، بەو پێیەش بەڕێوەبردنی ململانێکان بۆ کورد وەک چوارساڵی ڕابردوو ئاسان نییە، هەر چەندە پۆستی سەرۆک کۆمار و جێگرێکی پەرلەمان و جێگرێکی سەرۆک وەزیرانی عیراق و وەزارەتی دەرەوەو هی تریش لەلایەن کاندیدی سیاسی تەکنۆکراتی کوردەوە بەڕێوەئەبرێن.

هەروا ساڵێکی گرنگیشە، بەو مانایەی کەئاسۆی ئایندەی کوردو بەغدا لەدەورەیەکی تەواوی پەرلەمانیدا دەرئەخا. ساڵێکە دەری ئەخا، کەتێگەیشتنی سەرۆک وەزیرانی عیراق و لایەنە بەشدارەکانی تری حکومەتی شەراکەت، چۆن لەمانای شەراکەت ئەگەن و بەکردەوەش چۆن تەفسیری ئەکەن؟ بەتایبەت کەهێندێکیان قورسایی زۆرییان لەحکومەت و پەرلەمانی عیراقدا هەیەو تێگەیشتنیشیان بۆ عیراقێکی فیدراڵ و بۆ عیراقێکی دیموکراتیک، هەر لەسەرەتاوە ڕوون و ئاشکرایە؟

ساڵێکە دەری ئەخا کەتا کوێ و تا چەند حکومەتی مالکی، ئەو ئەولەویەتانەی قبوڵە کەسەرکردایەتیی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو کورد دایناوە؟

ساڵێکە دەری ئەخا، داخۆ مالکی، کە لەدەورەی پێشوویدا بەسەرۆک وەزیرانێکی بەهێز خۆی ناساند، لەم دەورەیەشدا ئەتوانێ بەهەمان هێزەوە لەگەڵ مەسەلە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکانی عیراق مامەڵە بکا، یان پێکهاتەی حکومەتەکەی لەتواناو دەسەلاتی بڕیاردان پەکی ئەخا؟

لەلایێکی دیکەشەوە، ئەم ساڵ بۆ کورد لەڕوانگەی کارکردنی خۆشییەوە گرنگە، چونکە ساڵێکی ئەزموونی ئەبێ بۆی و ئەوە دەرئەخا کەداخۆ سەرکردایەتیی کوردستان ئەتوانێ تا چەندو تا کوێ لەگەڵ ڕێساکانی نوێی گەمەی سیاسی و پەرلەمانی عیراقدا خۆی ڕابێنێ و تا چەند سەرکەوتوو ئەبێ لەداهێنانی ڕێسای نوێ بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان؟

دیسانەوە، لەو ڕووەشەوە بۆ کورد ساڵێکی گرنگ ئەبێ، کەداخۆ فاکتەرەکانی گوشاری خۆی لەم قۆناغەدا بەباشی ئەدۆزێتەوە، بۆئەوەی لەململانێکاندا بەکاریان بێنێ؟

لەو ڕوانگەیەشەوە بۆ کورد ساڵێکی گرنگ ئەبێ بەپێی چ میتۆدێکی لێکدانەوە، ئەگەرو ئۆپشنەکانی خۆی دیاری ئەکا؟

لەهەمووشی گرنگتر بۆ کورد ئەوەیە داخۆ لەم ساڵدا، چۆن ئەتوانێ کارتە کوردستانی و عیراقی و ناوچەیی و جیهانییەکانی گوشاری خۆی بدۆزێتەوەو دابینیان بکاو چۆنیش ئەتوانێ لەساتەوەختی گونجاوی خۆیدا بەکاریان بێنێ؟

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەهەڵسەنگاندنی ساڵی نوێدا، بەچاوێکی واقیعییانەو بە بەرچاوڕوونییەوە، لەزۆر لەو مەسەلانەی کۆڵییەوەو مەترسی و دەرەفەتەکانی دەستنیشانکردن و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتکردن و شێوازو میکانیزمەکانی

ڕووبەڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و گۆڕانکارییەکانیشی دیاریکردن و لەو ڕوانگەیەوە، ئەرکەکانی خۆی لەساڵی 2011 دا، بەئەرکی گرنگ و هەستیار دایە قەڵەم.

(3)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی کەئەرکەکانی ساڵی 2011ی گرنگ و هەستیارن، کەرەستەکانی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە گرنگ و هەستیارانەی تاوتوێکردن. لەئاستی حزبیدا، بۆئەوەی یەکێتی شایانی تەواوی ئەوەی هەبێ وەک هێزێکی سەرەکی و بەئەزموون ئەرکەکان وە ئەستۆ بگرێ، پتەوکردنی یەکڕیزییێکی دیموکراسیانەی کردە ئامانج، بەو مانایەی کەکراوەتر لەجاران دنیا بینی و دیدی خۆی و بیروبۆچوون و سەرنجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ناو ڕێکخستنەکان شۆڕتر بکاتەوەو لەمیانی هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوەی فیکری و سیاسیدا ئەو ئامانجە وەدی بێنێ، کەدەرفەتی گفتوگۆی بوێرانەو کراوەو واقیعبینانە لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستن و لەناو ڕای گشتیشدا بێنێتە ئاراوە. ی.ن.ک پێشیوایە، ئامادەکردنی بنکەی جەماوەری خۆی لەڕووی مۆراڵی و سایکۆلۆژییەوە بۆ وە ئەستۆگرتنی ئەو ئەرکانە، بەشێکی تری گرنگە لەئامادەکارییە حزبییە ناوخۆکانی و بەشێکە لەئامانجەکانی ئەو هەڵمەتە فیکری و سیاسییەی کەئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی یەکێتی ئەبێ وە ئەستۆی بگرن.

لەبــواری کوردســـتانیدا، یەکێتـــی قـــووڵترکردنەوەی یەکڕیـــزی گەلەکەمانی بەکەرەستەیەکی گرنگی تری ئەنجامدانی ئەرکە گرنگ و هەستیارەکان ناسـاند. وەک چـۆن بەردەوامبـوون و وەدیهێنـانی ئەو یەکڕیزییەی گەلەکەمانی بەدانوستانی شەفاف و ڕوونی نێـوان هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان بەسـتەوە، بەتـایبەت لەنێـوان یەکێتـی و پارتیـدا، کەڕێککەوتنێکـی سـتراتیژی دوورمەودایـان لەنێوانـدا هەیە، کەمەبەســـــت لەو جـــــۆرە دانوســـــتانە مـــــشتومالْکردنەوەی هاوپەیمـانێتییەکەیەو لادانـی هەر جـۆرە تەمتومـانێکە، کە بەهـۆی ڕووداوەکانی ڕابردووەوە نیشتۆتە سەر میناى هاوپەیمانێتییەکە.

لەلایێکی تریشەوە، ئەو جۆرە دانوسـتانە بەو مانایەشـە کەتـۆڕی هاوپەیمـانێتی لەنێـوان هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتاندا لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدییەکانی گەلەکەمـان و مەترسـی و دەرفەتەکـان، کەهەموولایەنەکان ئەگرنەوە، فراوانتر و تۆکمەتر بکـرێ، بـێ ئەوەی یـادەوەری ڕابـردوو و پاشـخانی ئایـدۆلۆژی و فیکـری و دنیـا بینـی جیاجیـا ببـنە ڕێگـر لەبەردەم یەکڕیزێکـی نـوێتر لەنێـوان هێـزە سیاسییەکانی کوردستان.

ئەو یەکڕیــزییە نــوێیەی، کەیەکێتیــی نیــشتمانیی کوردســتان لەساڵی تـازەدا بـانگەوازو بانگەشـەی بـۆ ئەکـا، بەفـاکتەرێکی هەرە ســەرەکی بەڕێــوەبردن و بــردنەوەی ململانێکــان و یەکلاکــردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئێمەو بەغدا لەقەڵەم ئەداو بەهۆکارێکی گرنگـی قۆزتنەوەی دەرەفەتەکانیش ئەزانێ.

ئەمەش هەمووی لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کەیەکێتیـی نیــشتمانیی کوردســتان، وەک چــۆن لەپەیــڕەوی پەســەندکراوی سێیەمین کۆنگرەییـدا هـاتووە، بـڕوای بەوەیە کەهێـشتا ئەرکەکـانی

ڕزگاری نیشتمانی لەکوردستانی عیراقدا کۆتایی پێنەهاتووە، هەر بۆیە هێشتا گەلەکەمان و تێکۆشانەکەی پێویستییێکی مەوزوعی هەیە بە بەرنامەیەکی کوردستانییانەی ئەوتۆ، کەبتوانێ لەچوارچێوەیەکی گشتی تێکۆشاندا، بەجیاوازی ئایدۆلۆژیاو فیکرو دنیا بینی و یادەوەرو ویستەگروپی و حزبییەکانەوە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و لەگەڵیشیاندا، هێزە کۆمەڵایەتییەکان و توانای تاکەکانیش لەدەوری کۆببنەوە.

ئەوەی لەسەرەوە بە بەرنامە ناومان برد، لەڕاستیدا لەبەرنامەی سیاسی هەموولایەنەکاندا هەیە، بەڵام پێویست بەوە ئەکا، کەوەک ئەولەویاتی کوردایەتی سەرلەنوێ و لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجە تازەکان، لەنێواندا ڕێکبخرێنەوەو ڕیزبەند بکرێنەوە. ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و پارتی، سەرەڕای سەرنج یان کەلێنی بچوک یان گەورەی ئەم یان ئەولا، نموونەیەکی باش و گونجاوە بۆ تێگەیشتن لەمیکانیزمی ڕێکخستنەوەو ڕیزبەندی ئەولەویاتەکانی کوردایەتی.

ڕێکخستنەوەو ڕیزبەندکردنەوەی ئەولەویاتەکانی کوردایەتی، بەلەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکان، مەترسییەکان، دەرەفەتەکان و لەکیسچوونی دەرەفەتەکان، کارێکی ئاسان نییە، چونکە خوێندنەوەیەکی ستراتیژیی هەمەلایەنەی پێویستە، کە لەڕاستیدا ئاشنابوونە بەئەگەرو ئۆپشنەکان. خوێندنەوەی هەرە سەرەکیش ئەوەیە کە لەم ساڵدا ئەولەویاتەکانمان لەسەر ئەو بناغەیە ڕیزبەند بکەین تا بەڕوونی لەوە بگەین داخۆ هاوبەشە عیراقییەکانمان تا کوێ و تا چەند پەرۆشی بەکردەوە فراوانترکردن و هێنانەکایەی

فـاکتەرو پانتاییەکـانی عیراقێکـی جـازب بـن، لەدەرەوەی گوتـاری سیاسی و میدیاییدا.

ئەو مەسـەلانەی، کە بەهەڵە بەمەسـەلە هەڵواسـراوەکانی نێـوان بەغـداو هەولێـر نـاوئەبرێن، کە لەڕاسـتیدا مەسـەلە هەڵواسـراوەکانی نێوان گەلی کوردسـتانی عیـراق و بەغـدان، دۆسـیەی ئەو مەسـەلانە بەسەریەکەوە ئەولەویاتە کوردستانی و عیراقییەکـانی ئەم قۆنـاغەی گەلی کوردستان پێکـدێنن. یەکێتیـی نیـشتمانیی کوردسـتان بـڕوای بەوە هەیە، چـونکە ئەو مەسـەلانە لەدەسـتووردا هـاتوون و گەلـی کوردسـتانیش بە بەڵـێ دەنگـی بـۆ دەسـتووردواە، بـۆیە وەک مەسـەلەیەکی مەوزوعـی ئەولەویـاتی هەمـوو هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتانن. ڕیزبەنـدی و ڕێکخـستنەوەیان، لەجەوهەردا بـۆ ئەوەیە کەچۆن ئەگەرو ئۆپشن بۆ پەراوێزخستن و مرانـدنێکی پـێکەوە یـان بەتەنیا بۆ هەر یەکێـک لەو ئەولەویاتـانە بـدۆزینەوەو ئامادەکارییـان بۆ بکەین. بەو پێیە ئەو ئامادەکارییە ناوخۆیی و دەرەکی، سیاسـی و دیپلۆماسـی، ڕەسـمی و جەماوەرییەکـانیش بەشـێکی تـرن لەڕێکخستنەوەو ڕیزبەندییەکان.

(4)

یەکێتی، بۆچوونی وایە کەپێویست بەوە ئەکا لەم ساڵدا، سـەرنج بدەینە ڕێکخستنەوەی باشتری باری سیاسی ناوخۆی کوردستانیش. لەکاتێکـدا ئەوەش بـاش ئەزانـێ کەبۆچـوون لەسـەر نەک تەنیـا ئەو مەسەلەیە، بەڵکو لەسەر ناولێنـان و پێناسـەی مەسـەلەکەش هەیە.

بەڵام یەکێتـــی پێیـــوایە کەمەســـەلەی ڕێکخـــستنی پەیوەنـــدییە سیاسـییەکانە لەنێـوان حزبەکـان بەگـشتی و بەتـایبەت ڕێکخـستنی پەیوەندییەکانی نێوان حزبەکانی زۆرینە، کەحکومەتیان پێکهێنـاوەو حزبەکـانی ئۆپۆزسـیۆن. ئەمەش لەو ڕوانـگەیەوە کەیەکێتـی بـڕوای بەوە هەیە لەهەر سیـستمێکی حـوکمڕانی دیموکراتیکـدا، هەبـوونی ئۆپۆزسـیۆنێکی کـارا، بـۆ سـاغڵەمی پرۆسـەی سیاسـی ئەو وڵاتە پێویستە.

بـــۆیە لای خـــۆیەوە هەنگـــاوی بـــۆ ئەو مەبەســـتە هەڵێنـــاوەو لەدوامـانگی سـاڵی ڕابـردوودا زنجیـرەیەک کۆبـوونەوەی لەگەڵ تەک تەکـی حزبەکـانی دەرەوەی ڕێککەوتنـی سـتراتیژیی نێـوان پـارتی و یەکێتـــی ئەنجامـــداوەو لەو دانیـــشتنانەشدا دەرفەتـــی زۆری لێـــک تێگەیشتن و لەگەڵ یەک کارکردن و نەرمترکردنی پرۆسەی سیاسـی لەکوردستاندا دۆزراونەتەوە.

لەگەڵ بـــزووتنەوەی گۆڕانیـــشدا، پـــێش کۆتـــایی ســـاڵ، هەوڵە ســـــەرەتاییەکانی بـــۆ دۆزیـــنەوەی دەرفەتەکـــانی دروســـتکردنی پەیوەندییێکی ئاسایی دەستپێکرد.

یەکێتـــی پێیـــوایە، کەئۆپۆزســـیۆنی کوردســـتان بەحـــوکمی کەم ئەزمـوونی ئۆپۆزسـیۆن بـوون، ئەڵـبەتە بەلەبەرچـاوگرتنی جیـاوازی ئەزمـوونی هەریەکە لەحزبەکـانی ئۆپۆزسـیۆن، پێویـستی بەوە هەیە کەبـۆ باشـتر شـارەزابوون لەڕێـساکانی گەمەکـردن لەهەلـومەرجی کوردسـتان و ئەو قۆنـاغەی، کەپیایـدا تـێ ئەپەڕێ، کارئاسـانی بـۆ بکـرێ و هەلـومەرجێکی تـری بـۆ دابـین بکـرێ، تـا هەریەکە لای خۆیەوە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر لەوەی کەهەیە بـۆ هەلـومەرجەکە بکـا. ئەو کارئاســـانییەش، شـــتێک نیـــیە جـــگە لەگەڕان بەدوای

دۆزینەوەی میکانیزمێکی نەرم بۆ پەیوەندیی نێوان حزبەکانی ناو حکومەت و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن. بەواتایەکی تر بۆ دۆزینەوەی میکانیزم و زەمینەیەکی نەرمتر بۆ پەیوەندیی نێوان فراکسیۆنەکانی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن. مونتەڵەقی ئەم بۆچوونەش لەوەوەیە کەئۆپۆزسیۆنیش لەزۆرینە فێر بێ، وەک چۆن زۆرینەش لەئۆپۆزسیۆن فێر ئەبێ.

وەک لەسەرەوە وتمان، نەرمی نواندنی هەردوو حزبی پێکهێنەری حکومەتی هەرێم و لەتەک حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، بۆ وەدیهێنانی زەمینەیەکی لەبارتر، بەقازانجی پرۆسەیەکی سیاسی نەرم و یەکتر تەواوکەرە، کە لەم قۆناغە گرنگ و هەستیارەدا گەلەکەمان پێویستییەتی.

(5)

بۆ ساڵی تازە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قورسایی کارکردنی خۆی تەنیا ناخاتە سەر مەسەلە سیاسییەکان، هەرچەندە لەئێستادا مەسەلە سیاسییەکان ئەولەویەتێکی زۆریان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی بڕوای وایە کەچەندین مەسەلەی گرنگی تر لەناو کۆمەڵگادا هەن، کەپێویستە سەرنجی بخرێتەسەرو کاریان بۆ بکرێ. بەتایبەت کەکوردەواری لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بەگۆڕانی بنەڕەتیدا تێپەڕ ئەبێ و سەرەڕای زۆر پێشکەوتنی بەرچاو لەبواری ئابووری و مرۆییەوە، بەڵام هێشتا هەم بەشێک لەپاشماوەی دواکەوتنەکانی سەردەمانێکی

پێشووتر ماون و کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵەوە هەیە، بەتایبەت لەبواری کلتووری و عادات و تەقالیدو هەم ئەو پێشکەوتن و گۆڕانانەی وەدیش هاتوون، لێکەوتەی سەلبیان لێکەوتۆتەوە. بۆ نموونە دیاردەکانی گەندەڵی، بێکاری، گرانی، بیرۆکراسی لەڕادەبەدەر، بێ خانوومانی و ئەو ڕێژەیەی هەژاری کەهێشتا لەکوردستاندا هەیە کە بەرجەستەکەری جیاوازییە چینایەتییەکانن، بەشێکن لەو دەرهاوێشتە سەلبیانەی پێشکەوتن. وەک چۆن هێشتا کلتووری خێڵەکی، چەوساندنەوەی ڕەگەزی و بەرتەسکی لێبووردەیی کۆمەڵایەتی بوونی زۆریان هەیە، بەتایبەت هێشتا چەوساندنەوەی ژنان و کچان، سەرەڕای یاسای پێشکەوتوو و هوشیارکردنەوەی بەرفراوان و هەبوونی دەیان ڕێگری تر هەر بەردەوامە.

بۆیە، یەکێتی پێیوایە ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانە نەک هەر هیچی لەئەرکە سیاسییەکان کەمتر نییە، بەڵکو لاکردنەوەی بەردەوام لەو مەسەلانە لەڕێی پرۆسەی یاسادانان و ڕێوشوێنی تر لەئاستی کۆمەڵ و حکومەت و حزبدا ئەرکێکی تری ئەم ساڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەبێ. هەر بۆیە لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەش لەناوەندە جۆراوجۆرەکان کار ئەکا، بەتایبەت لەسەر ئەوە کار ئەکا، کەحکومەتی هەرێم و فراکسیۆنی کوردستانی لەوبارەوە کاراتر ببن. بەڵام یەکێتی ئەوەش ئەزانێ کەئەو هەموو ئەرکانە نە بەشێوەیەکی میکانیکی خێراو نە بەتەنیاش بەیەکێتی چارەسەر ئەکرێن، بەڵام بڕوای بەوە هەیە کەئەبێ ئەو لەو بوارانەشدا دەستپێشخەربێت و زەمینەی کارکردنی هەمووان بۆ ئەو مەبەستانە بڕەخسێنێ.

(6)

یەکێتـی، لەسـەروبەندی هەڵـسەنگاندنی سـاڵی ڕابـردوو و دانـانی پلانی ساڵێکی نوێدا بوو، کە لەکوردستاندا ململانێیەکی کۆمەڵایەتی توند لەچەند بوارێکی مەعنەوی گرنگدا سەریهەڵدا. کەئەویش بـواری ئازادییەکانی ڕادەربـڕین و کێشمەکێـشی نێـوان کەسـانی عەلمـانی و زانایـانی ئـاینی بـوو، کە لەجەوهەردا هەردوو ئەو مەسـەلەیە لەیەک سەرچاوەوە هەڵقووڵاون، کەئەویش ئازادییەکانی ڕادەربڕینە. یەکێتی لەدنیـابینی خۆیـدا و لەپراکتیکیـشدا، بـڕوای پـتەوی بەوە هەیە کەکۆمەڵگـای دیموکراتیـک و کـراوە ئەو کۆمەڵگـایەیە کەتاکەکـانی ئـازادبن لەتەعبیرکـردن لەبیروبۆچـوونی خۆیـان بـێ ئەوەی ئەو ئازادییە بەزاندنی تخوبی ئـازادیی کەسـەکانی تـرو گروپەکـانی تـری لێبکەوێتەوە. لەمـاوەی ئەو مـشتومڕەدا گلەیـی لەیەکێتـی ئەکرا کە بەو تونـدییەی کەهەنـدێ کەس و گـروپ و لایەن ئەیانەویـست نەهـاتۆتە مەیـدان. لەڕاسـتیدا ئەو بۆچـوونە ڕاسـت نیـیە، چـونکە لەلایـێکەوە یەکێتـی لەهەر شـوێنێک بـۆی کرابـێ زەمیـنەی ئەو ئازادییـانەی بـۆ هەمـوولایەک ڕەخـساندووە، بەڵام پێـشیوایە کەئەو کێـشمەکێش و گفتوگۆیـانە نـابێ بەشـێوەیەک ئاراسـتە بکـرێن کەئاشتی کـۆمەڵایەتی بـشێوێنێ و ململانێکـان بەئاقارێکـدا ئاراسـتە بکرێن کەکۆمەڵ ڕووبەڕووی تەقینەوەیەکـی ئەوتـۆ بکـا کە نائـارامی کـۆمەڵایەتی لێبکەوێـتەوە. بـڕوای بەوەش هەیە کەئەو کێشمەکێـشە نە لەدایکبـووی ئەمـڕۆیەو نە هەر لەئەمڕۆشـدا کۆتـایی پێـدێ، وەک چـۆن بـڕوای بەوەش هەیە کەهەوڵەکـان بـۆ بەرتەسـک کـردنەوەی

ئازادییەکـــان زادەی سروشـــتیی ئەو پێـــشکەوتنەن کە لەبـــواری ئازادییەکاندا هاتوونەتە ئـاراوەو بەچـاوێکی واقیعـی و سروشـتییەوە تەماشــای ئەکــا، بەڵام بێگومــان دواجــار یەکێتــی ئەو لەمــپەڕە بەهێــزەیە، کە نــایەڵێ گوشــارەکان بــۆ بەرتەســک کــردنەوەی ئازادییەکـان بـگەنە ئەنجـام. ئەمەش لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کەیەکێتـی ئازادییەکـان بە بەشـێکی سـەرەکی لەدنیـابینی خـۆی ئەزانـێ، هەر بـۆیەش بـڕوای بەوە هەیە کەمەسـەلەی بەرگریکـردن لەئازادییەکـان لەمەنـگەنەی بەرژەوەنـدی و تـاکتیکە سیاسـییەکان ناداو ئەو جۆرە لەمامەڵەکردنیش لەگەڵ ئازادییەکان بەزیان بۆ سەر خـودی ئازادییەکـان ئەزانـێ و ئەیانخـاتە گۆشـەیەکی مەترسـیداری ئەوتۆ کە لەلایەن ئەوانەی بەچـاوی تـاکتیکی سیاسـی و بەجـۆرێکی پۆپۆلیستانە مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکا، دواجار سازشی لەسەر بکرێ. ئەو دیـــدەی یەکێتـــی بەداخەوە کەهەنـــدێ لایەن، بەهەنـــدێ رووناکبیریشەوە وەک خۆی نەبینراو هەستی پێ نەکرا، بـۆیە ئەبـێ لێرەدا ئەو ڕاسـتییەش بڵێـین کەپاراسـتنی ئازادییەکـان، مەسـەلەی دروشـــم و دروشـــمکاری نیـــیە، بەقەدەر ئەوەی کەپرۆســـەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی، یاسایی، کلتووری و سایکۆلۆژیـشە، بـۆیە هەر هەلومەرجەو جەنگی بەرگریکردن لەئازادییەکـان شـێوازو کەرەسـەی خـــۆی ئەوێ، روونتـــر بڵێـــین ئەبـــێ نەبەردییەکـــانی بەرگـــری لەئازادییەکان وا ڕێکبخرێ و پلانی بۆ دابڕێژرێ کە لەنەبەردیـیەکەدا ئازادییەکان نەدۆڕێنین. هەموو ئەمەش بەو مانایە نییە کە لەمەیدان بوونی یەکێتی لەو بوارەداو لەدوا کێشمەکێشەکەدا نموونەیی بووە.

* ژمارەکانی (5375، 5374، 5375، 5376، 5377، 5378) لەڕۆژانی: 6-9-10-11-12-14/1/2011).

## پرسیار لەبارەی بۆچی یەکێتی حزبێکی سەرکەوتووە؟

هەڵسەنگاندنی هەر حزب و رەوتێکی سیاسی، کارێکی سادە نییە، وەک چۆن پرۆسەیەکی سەرپێی و مامەڵەکردن نییە لەگەڵ چەند دروشمێک و بگرە چەند سیاسەتێکیش بە پچڕپچڕی و بە دابڕاوی لە سیاقی زەمەنی خۆیدا، سیاقی زەمەنی بە مانای کات و شوێن و بە مانای هەلومەرجی بابەتی و خۆی، بە مانای هەلومەرج و فاکتەری دەرەکی و ناوەکی، بە مانای هاوکێشە سیاسییەکان، بە مانای خاڵە بەهێزو لاوازەکانی هەر سەردەمێک، ژیانی ئەو حزبە، هەروا هەڵسەنگاندنی هیچ حزبێک بەوە کامڵ نابێ کە چی وەدەست نەهێناوە، بەر لەوە ناسین و ناساندنی چی وەدەست نە هێناوە بۆ هەڵسەنگاندن ئەوە لە پێش ترە کەچی وەدەست هێناوە، بە واتایەکی دیکە هەڵسەنگاندنی هەر حزبێک بە پێناسەکردنەوەی حزبەکە لە بەر رۆشنایی دەسکەوتەکانیەوە بۆ هەر قۆناغێک ئەنجام دەدرێ، خۆکرانەوەی مەسەلەی پێناسەکردنەوەکەشی تویژینەوەیەکە بۆ تەواوی قۆناغەکە، کە حزبەکە تیایدا تەواوی تابلۆی قۆناغەکە نییە، بەڵکو کاراکتەرێکی قۆناغەکە، یاخود بڵێین فیگەرێکی قۆناغەکەیە. خۆ ئەگەر هەڵسەنگاندن یان وەک وتمان پێناسەکردنەوەی حزبەکە لە قۆناغی گوێزانەوەدا پرۆسەیەکی

بوغرنج و بگره دەڵەمە ئەبێ، چونکە قۆنـاغی گـوێزانەوە لە خـودی خۆیـــدا قۆنــــاغێکی ســــیما لــــێڵەو بەردەوام ئەدگارەکـــانی لە خۆگۆڕینـدایە، هەر بـۆیە لە قۆنـاغی گـوێزانەوەدا پێناسـەکردنەوەی هەر حزبێـــک بە ســـەرکەوتن یـــان دۆڕانـــدنێکی ئەو قۆنـــاغە، پێناســـەکردنەوەییەکی پڕوپاگەنـــدەییەو هیچـــی تـــر، لە سیـــستمە سیاســـییە جێگرەکـــانی وڵاتـــانی دیمـــوکراتیکی وەک ئەوروپـــاو ئەمریکـاش پێناسـەکردنەوەی هەر حزبێـک بە بـزووتنەوەیەک یـان زۆرتـــر. بەدۆڕانـــدنێک یـــان زۆرتـــر، وەدی نـــایەت، بەڵکـــو ئەوە دەستنیشانکردنی دۆزینـەوەی فـاکتەرە جۆراوجۆرەکـانی سـەرلەنوێ بردنەوە یان سەرلەنوێ دۆڕاندنن کە هەڵسنگاندنێکی راست ئەدەنە دەست، ساڵەهایەکی زۆرە بۆ نمـوونە، لە ئەمریکـا، هەر دوو حزبـی کۆمـــاری و دیمـــوکرات بەپێـــی سیـــستمێکیی دیـــاریکراوی وڵات لە ململانێی بردنەوەو دۆڕاندان و بەردەوام جێی یەکتـر ئەگرنەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە لەناو هەموو ئەدەبیاتی سیاسـی و لەنـاو هەمـوو توێژینەوەو را زانستیەکانیـشدا هـیچ بیریارێـک یـاخۆ تـوێژینەوەیەک ئەگەر مەبەسـتی پڕوپاگەنـدەی سیاسـی نەبـووبێ، حزبێـک لەو دوو حزبە بە فاشل پێناسـە بکـا، هەتـا دۆڕانـدنی هەر یەکێـک لەو دوو حـزبەی ئەمریکـا لە هەڵبژاردنێـک یـان لە دوو هەڵبژاردنـی لە دوای یەکدا نابێتە هـۆی کـارکردن لەسـەر چەمکـی فاشـل بـوون، چـونکە دۆڕاندێک و دوانیش نابنە هۆی ئەوەی ئەو حزبە بە فاشـل پێناسـە بکرێ، چونکە رێک لێرە وایە کە قسە لەسـەر فاکتەرەکـان دەکـرێ و فاکتەرەکان ئەبنە بنەما نەک ئەنجامی دۆڕاندنێک یـان نەوەیەک. بەداخەوە لە کوردستاندا، لێکۆڵینەوەکان لەوبارەوە لە پڕوپاگەندەی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرن نەک لە تێفکرنێکـی سیاسـی راسـت و

زانستی، لای ئێمه فەشەلی هەر حزبێک له فەشەلی سیاسەتێکدا کورت ئەکرێتەوە. بوشی دووەم، که سەرکردەی کۆمارییەکانی ئەمریکا بوو، له هەر دوو دەورەی سەرۆک کۆماری خۆیدا نەیتوانی نه هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژی سەدام حسێن بدۆزێتەوە، نه بن لادی بگرێ یان بکوژێ، سەرەنجام کۆمارییەکان له هەڵبژاردندا فەشەلیان هێنا، بەڵام هیچ کەسێک پارتی کۆماری ئەمریکای به حزبێکی فاشل پێناسەنەکرد ئەوە مەنتقی هەڵسەنگاندنه نەک پێچەوانەکەی، ئەم مەنتیقه بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاش هەروایە، بۆ نموونه له بەریتانیا بۆ پارتی کرێکاران و پارتی پارێزگاران له ئەڵمانیا بۆ پارتی سۆسیال دیموکرات و دیموکراتی مەسیحییش هەروایە.

ئەگەر ئەوە پێشەکێک بێت بۆ کارکردنێکی وردی دوور له دەمارگیری بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی (ی.ن.ک) له یادی 36ی دامەزراندیدا، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەکرانەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، له تواناکانی یەک تاکه کەس به دەرو له گیرۆده بوون به یەک میتۆدی پێناسەکردنەوەش به تەنیا ئەرکەکه وەدی دێنێ. وەک چۆن پێناسەی پەسەندکراوی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیش له پەیڕەوو پرۆگرام و له سەراپاگیرو کامڵ نییە. چونکه گۆڕانکاریی و گوشارەکانی یەک ساڵی دوای سێیەمین کۆنگرە، بایی ئەوە هەن که هەر له ئێستاوە تا بەرلەبەستنی چوارمین کۆنگرەوە، هەوڵ و کارکردن بۆ پێناسەکرانەوەی یەکێتی دەست پێ بکرێ.

رەنگه زۆر لەچاودێرانی بواری سیاسی و زۆر له هەڤاڵانی یەکێتیش لەوە بپرسن که ئاخۆ بۆ دەربازبوون لەو کێشانەی بەرۆکی یەکێتییان گرتووە، پێناسەکردنەوەی یەکێتی پێویسته یان

بەرنامەی کار؟ ئایا چاکسازیی ناوخۆی یەکێتی زنجیرەیەک ئیجرائاتی ئەوێ یان پێناسەکردنەوەی؟ ئایا یەکێتی نوێکردنەوەی ئۆرگانەکانی پێویستە یان پێناسەکردنەوەی؟ ئایا یەکێتی سەرلەنوێ ئامادەبوونەوەی لەناو ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتیانەی پێویستە کە ئاشنایەتیان بە یەکترەوە کاڵبۆتەوە یان پێناسەکردنەوەی؟ ئایا یەکێتی توندکردنەوەی تری متمانەی نێو ئاستە جیاجیاکان خۆی پێویستیە یان پێناسەکردنەوەی. ئایا یەکێتی وەدەستهێنانەوەی متمانەی نێوان بە خۆی و ئۆرگانەکانی لەناو خەڵکیدا پێویستە یان پێناسەکردنەوەی. ئایا یەکێتی پێویستی بە پراکتیکە یان بە تیۆری و خۆ پێناسەکردنەوەی؟ ئایا یەکێتی پێویستی بە پێناسەکردنەوەیەتی لە لایەن ئەوانی ترەوە یان خۆ پێناسەکرانەوەی؟ ئایا پێناسەکردنەوە یان خۆپێناسەکردنەوەی چی لە وەزعەکەی ئەگۆڕێ؟ ئایا ئیتر سەردەمی ئەو ماندووبوونە تیۆرییانە ماوە یان نا؟

ئایا بۆ یەکێتی پرنسیپەکانی هیچ رۆڵێکیان ئەبێ یان ئەبێ ئیتر تەنیا پراگماتیانە کار بکا؟ ئایا یەکێتی چیتر پێویستی بە شەپۆل سازی ناو کۆمەڵگا هەیە، یاخۆ پێویستە لە سواربوونی شەپۆلی لێزان بێ؟ سواربوونی شەپۆلی پێکەوە لەدەستداوە؟ ئایا یەکێتی کارەکتەرو فاکتەرەکانی شەپۆل سازی هەیە یان نا؟ ئایا یەکێتی لە توانا و دەرفەتەکانی ناسین و رێکخستنی و رێبەرایەتیکردنی هێزە کاراکانی کۆمەڵی بەشێوەی رێژەیەکی باڵای یەکلاکەرەوە بەر خوردارە یان نا؟

ئایا یەکێتی تەنیا حزبی سەروەرییەکانی دوێنێیە یان حزبی جوڵاندنی سبەینێشە؟ هەموو ئەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری تریش

پێویستیان بە قسە لەسەرکردنن تا بە روونی و لێبڕوانە هەموو بنەما فیکریی، تیۆریی، سۆسیۆلۆژیی و سایکۆلۆژییەکانی تێزی بۆ بنەمای ئەو تێفکردینە پڕوپاگەندەییە هەڵتەکێنێ کەوەک لەسەرەوە وتمان پرسیار لەمەڕ یەکێتی بە فاشل و فاشل نەبوونی یەکێتی کردۆتە تەوەری پرسیارسازی؟ بۆیە پێناسەکردنەوە و خۆ پێناسەکردنەوەی یەکێتی گرنگییەکی زۆری هەیە. کە هیوادارم لەبەر رۆشنایی ئەو پرسیارانەی وروژاندنم و ئەوانەش کە من پەییم پێیان نەبردووە تا بیان وروژێنم، هەم خۆشم و هەم هەڤالانی ترو هەم شارەزایانی سەرلەنوێ یەکێتی پێناسە بکەینەوە و ئەشکرێ ئەوکارە تەنیا بە یەک هەفتەی یادکردنەوەی سی و شەش ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییەوە پەیوەست نەبێ، بەڵکو درێژەی هەبێ.

ژ: (5491) لە رۆژی 2011/5/29)

## یەکێتیو دۆستایەتی لەگەڵ چین

وەختێ ئەم وتارە ئەخوێنێتەوە، لەگەڵ وەفدێکی مەکتەبی سیاسیدا بەڕێوەین بۆ وڵاتی چین لەسەر داوەتنامەی پارتی کۆمۆنیست. جگە لەچەند سەردانێکی هەڤاڵ مام جەلال بۆ ئەو وڵاتە ئەمە دووەمجارە وەفدی مەکتەبی سیاسی سەردانی چین ئەکات.

زۆرجار لێرەو لەوێ پرسیار لەوە ئەکرێ بۆچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەپارتێکی سۆسیال دیموکراتە، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵ پارتێکی کۆمۆنیستدا هەیە کەهێشتا هەڵگری فیکری مارکسی لینینییە؟ هێندێ کەس دەستبەجێ وای لێک ئەدەنەوە کەئەمجۆرە پەیوەندییە بۆ ئەو سەرەتایەی مام جەلال و کۆمەڵە ئەگەڕێتەوە کەهەڵگری بیروباوەڕی ماو بوون. بەڵام لەڕاستیدا ئەو بۆچوونە ئەگەر نەختۆکەیەکیش ڕاستی تیابێ، کەڕاستییێکی مێژووییە، بایی ئەوە ناکا وەڵامێکی دروست بێت، لانیکەم لەبەرئەوەی چینی ئێستا چینی ماو نییە، گەرچی ماو ئێستاش لەوڵاتی خۆی و لەحزبەکەی خۆیدا زۆر ڕێز لێگیراوە. ئێستا چین و حزبی کۆمۆنیست لەسەر ڕێوشوێنی پەرەپێدانی بەردەوام و

نوێکردنەوەی دینگ سیاو پینگ بەڕێوە ئەچن، کە ئەو وڵاتەی لەوڵاتێکی داخراوی سەراپا ئایدۆلۆژییەوە گۆڕی بۆ وڵاتێکی پێشکەوتووتر، ئێستا سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لەپێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، یەکێکە لەوڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان و بەرهەمی ئابووریشی بەسەراپای دنیادا بڵاوبۆتەوەو لەو جەنگە بازرگانییەی ئێستا لەدنیادا هەیە، چین بۆتە ئەو ژمارە قورسە کەوڵاتە بەهێزەکانی تری وەک ئەمریکاش ناچارن حسابی وردی بۆ بکەن، نەک لەبەر ئەوەی خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی و سوپایەکی بەهێزو تەکنەلۆژیایەکی سەربازی بەتوانایە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کاراکتەرێکی پڕ لەژیان و قودرەتمەندییە لەبواری ئابووریدا. چینی ئێستا، کە سەرکردەکانی دوای دینگ سیاو پینگیش هەمان ڕەوت و دنیا بینی و سیاسەتی ئەویان گرتۆتە بەر، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی وڵاتەکەیان لەڕووی ئابووری و لەڕووی سەربازی و سیاسی و دیپلۆماسییەوە بەرەو پێش ئەبەن، ئەم هەموو پێشکەوتنەیان لەئەنجامی ئەوەدا هاتووە، وەک جارێکی تریش نووسیوومە، ئێستا ئایدۆلۆژیا نانێرێتە دەرەوە، بەڵکو بەرهەمێکی یەکجار فراوانی پیشەسازیی گەورەو بچووک ئەنێرێتە دەرەوەو بەو هۆیەوە بەردەوام بڕی زێدە بازرگانییەکەی لەهەڵکشاندایەو بەوهۆیەشەوە هەموو وڵاتانی دنیای دووچاری کێشمەکێش و سەرئێشەی بازرگانی کردووە.

هەموو ئەو قسانەی سەرەوە بەو مانایە کەناکرێ کوردستانی عیراق و یەکێتیی نیشتمانی لەسەر بنەمای پەیوەندیی ئایدۆلۆژییەوە سیاسەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو وڵاتە کە بەئەژدها

نـاوی ئەبـرێ دابڕێـژێ. ئەڵـبەتە ئەژدهـا ناولێنانێـک نیـیە بەمانـا فەرهەنگیـیەکەی، بەڵکـو بـۆ ڕۆڵـی ئەژدهـا لەئەفـسانەو بنەمـا ڕۆحییەکانی ئەو وڵاتە ئەگەڕێتەوە.

بەکورتی، چین ئەو وڵاتەیە کە بەدیپلۆماسیەتێکی وەستایانەوە، لەهەموو کێشە جیهانییەکانیشدا ئامادەیەو هـیچ گۆڕانکـارییێکی دنیـا نییە کەڕۆڵی ئەو وڵاتەی تیـا نەبـێ، کە لەسـەردەمی دوای جەنگی سـاردەوە، زۆرجـار لەنـاکۆکییە نێودەوڵەتییەکانـدا، هەڵوێـستەکانی لەخۆبێلایەنکردن یـان بـێ دەنگـی لێکردنێکـی مانـادار نیـشان ئەدا. کورد ناکرێ و لەقازانجیدا نییە لەگەڵ ئەو وڵاتە زەبەلاحە کـاریگەرە بەسـەر ڕەوتـی سیاسـەتە جیهانییەکـان ڕایەڵەکـانی پەیوەنـدیی توندوتۆڵ نەبێ، بەتایبەت لەبەر ڕۆشنایی ئەگەرەکانی پەرەسـەندنی ڕووداوەکـانی ئەو نـاوچەیەی کـورد تیایـدا ئەژی، کەهێـشتا ئەگەری نادیارن. بۆیە ناکرێ لەبەر ئەوەی دۆسێی مافی مرۆڤ لەنێوان چین و ئەمریکادا وەک کـارتی گوشـاری نێوانیـان بەکـارئەهێنرێ، کـورد خـۆی دووربخـاتەوە. ئەمە ڕێگەیەکـی هەڵەیە لەبەر ڕۆشـنایی بەرژەوەندییەکانی ئایندەی گەلەکەمـان، بەتـایبەت کەدیپلۆماسـیەتی ئێستای سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەئاستی عیراق و ناوچە و جیهانیـشدا لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدیی دانەبـڕاو لەئەخلاقیـاتی ئینسانی داڕێژراوەو خۆی گیـرۆدەی دیپلۆماسـیەتێکی ئایـدۆلۆژی و ئەخلاقـی ڕووتـی دابـڕاو لەبەرژەوەنـدیی نەکـردووە، بەو جـۆرەش توانیـویەتی هاوسـەنگی لەدیپلۆماسـیەتی خـۆی لەنـاوچەکەو جیهانیشدا بپارێزێ.

*ژ: (5513) لەڕۆژی 2011/6/23.

# III

## کێ لەبێ رەونەقبوونی
## فیدراڵی بەرپرسە؟

## کێ لەبێ ڕەونەقبوونی فیدراڵی بەرپرسە؟*

لەوەتەی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 سیستمی فیدراڵیی پەسەندکردووە، هەموو ساڵێک بەشێوەیەکی بەرفراوان لەئاستی میدیاو لەئاستی ڕەسمیو لەئاستی شەقامدا یادی ئەو دەستکەوتە کراوەتەوە کە کورد لەدوا دەیەی سەدەی رابردوودا وەدیهێناو خۆی لەگرێی ئۆتۆنۆمی دەربازکرد، بەڵام ئەمساڵ کە یادی 19ساڵەی پەسەندکردنی فیدراڵی بوو، زۆر بەساردوسڕی لەکوردستاندا تێپەڕی. ئەمەش چەند پرسیارێک دەورووژێنێت: ئایا کورد چیتر بڕوای بەفیدراڵی نەماوەو وەک گرێبەستێکی شایستە لەنیوان خۆیو بەغدا تەماشای ناکا؟ ئایا چ ئەڵتەرناتیڤێکی تری لەبەرچاوگرتووە؟ لەوەش گرنگتر ئایا بەغداو هەندێک لەلایەنە کاریگەرەکانی بەغدا بەرپرس نین لەوەی کە چیتر گەلی کوردستان دڵی بەفیدراڵی خۆش نەبێ؟

نەتەوەی کورد، کە خۆیو خاکەکەی لەنێوان چوار وڵاتی ناوچەکەدا دابەشبووە، زۆر دەمێکە خەون بەوڵاتێکی سەربەخۆوە دەبینێت، بەڵام هەمیشە ڕووداوەکان بەتوندی پێیانووتوە: ئەو خەونەی تۆ هەر بەخەون دەمێنێتەوەو هەرگیز وەدی نایەت.

**سەردەمی خەونە دێرینەکەیە؟**

ئێستا پێدەچێت لەدەرەوەی دامەزراوەو ژوورە رەسمییەکاندا رای گشتی کوردستان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەردەمەکە وا بخوێنێتەوە کە سەردەمی وەدیهاتنی خەونە دێرینەکەیەتی، کە هەمیشە وەک خەونو ئامانجێکی پیرۆز تەماشای کردووە.

کورد، لانیکەم لەسەد ساڵی رابردوودا (دەوڵەتی برایەتیی کوردو ئەوانی تر)ی تاقیکردۆتەوە کە دواجار نەک هەر دەوڵەتو وڵاتی هاوبەشی (براکانی) دەستنەکەوتووە، بەڵکو لەژێر سایەی دروشمی (برایەتی کورد و ئەوی تردا) قەتڵوعام کراوە، ناسنامەی شێوێندراوەو رەتکراوەتەوەو ئەگەر گۆڕانکارییەکانی دوا دەیەی سەدەی ڕابردوو نەبووایە، رەنگ بوو ئێستا کورد نەتەوەیەکی ماتو سڕبووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووایە.

نەتەوەی کورد، لەسایەی دروشمی (دەوڵەتی دیموکراتیکی هاووڵاتیبوون)یشدا، وەک ئەوەی تورکیا، چەوساوەتەوەو قەتڵوعام کراوەو هەزاران دێهاتی تەختکراوەو ئێستاش ناسنامەی نەتەوەییو جیاوازییە نەتەوەییەکەی زەوتو ئینکار دەکرێت.

لەسیستمی ئیسلامیشدا، وەک ئەوەی تائێستا لەئێراندا هەیەو لەسایەی تێزی (دەوڵەتی ئیسلامیدا) هەمدیس کورد بەمافەکانی خۆی نەگەیشتووە.

لەپرۆژەی (دەوڵەتی نەتەوەیی) نەتەوەپەرستانی عەرەبیشدا، وەک سوریای ئێستاو (عیراقی پێشوو) هەمدیس کورد

دەچەوسێندرێتەوەو ناسنامەکەی ئینکار دەکرێت یان بەشێوەیەکی مەترسیدار دەشێوێندرێ.

وا کورد تێزی (دەوڵەتی فیدراڵ)یشی لەعیراقدا لەکراوەترین نموونەی فیدراڵییدا تاقیکردەوە، کەچی هەمدیس کورد بەکردەوە هەست بەوە دەکاتو دەبینێت، کە لەدەوڵەتی فیدراڵیشدا مەترسیی گەورەی لەسەرە، بەر لەهەموو شتێک مەترسیی شێواندنی پێناسەی جوگرافی کوردستانی عیراق.

کەواتا، کورد هەموو جۆرە تێزەکانی تاقیکردەوەو هیچیان بەدەوڵەتی دیموکراتیی تورکیاو بەدەوڵەتە فیدرالیزمەکەی عیراقیشەوە، نەک هەر نەبوونەتە چارەسەر، بەڵکو نەبوونەتە هۆکاری ئەوەی مەترسیی دووبارەبوونەوەی مێژووی کارەساتە مرۆڤایەتییەکانیش لەسەر کورد بڕەوێنێتەوە.

## پارچەکردنی عیراق قبووڵ ناکرێت!

ئەگەر بێینەوە سەر عیراقو مەسەلەی فیدراڵیو ساردبوونەوەی رای گشتی کوردستانو دڕدۆنگبوون لەفیدراڵی وەک چارەسەرێک بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کورد لەعیراقدا، ئەوا بەر لەهەموو شتێک ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئەو لایەنەی بەردەوام کاریکردووە کە چارەسەری فیدراڵی لای هاووڵاتی کوردستان لەعیراق خۆشەویستو پەسندکراو بکات، هەر لایەنی کوردی خۆی بووە، بەپێچەوانەوە، زۆرینەی لایەنە عیراقییەکان دژی بوونو بەردەوام ناشیرینی دەکەنو بەردەوام بەگوێی کورددا دەدەنەوە کە فیدراڵی پارچەکردنی عیراقەو قبوڵ ناکرێ.

بەداخەوە هەنـدێک لەو هێـزانەی دژی فیـدراڵین حـزبو رەوتـی کاریگەرن لەعیراقداو دەتوانم بڵێم ئەوانن کە دواجار ئایندەی عیـراق دیاردەکەن.

ئەڵـبەتە ئەو هەمـوو بانگەشـەیەی کە لایەنەکـانی کوردسـتانی عیراق لە20ساڵی رابردوودا بۆ فیدراڵی ئەنجامییانداوە، کـاریگەریی بەسـەر گـۆڕینی سـتراتیژی بـزووتنەوەی کـوردایەتییەوە هەبـووە لەبەشەکانی تری کوردستانیشدا.

ئێـستا لەعیراقـدا، دیـمەنەکە بەمجـۆرەیە، زۆریـنەی لایەنەکـانی غەیرە کورد لەعیراق، زۆریـان بەئاشـکراو بەکـردەوەو هەندێکیـشیان لەئێـستادا لەنـاخەوە دژی فیـدراڵین یـان دژی ئەو تێگەیـشتنەن لەفیـدراڵی کە کـورد هەیەتـی. کـوردیش لەئەنجـامی سیاسـەتی ئەو لایەنـانەی عیـراق لەبـارەی فیـدراڵیزمەوە، تـا ئاسـتێکی زۆر ساردبۆتەوە.

## کاتی موجامەلە بەسەرچوو

ئێـستا وەختـی ئەوە هـاتووە، لانـیکەم ئـێمە بەڕوونـی لەگەڵ لایەنەکـانی تـری عیراقـدا قـسەی خۆمـان بکەیـنو لەموجـامەلەی بەردەمـی کـامیرای کـۆنگرە رۆژنامەنووسـییەکان دووربکەویـنەوە، وەختی ئەوە هاتووە کە بەهەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمـانی عیـراق بڵێین:

کاتێ ئێوە لەدەرەنجامـدا مـاددەی 140 دوا دەخەنو نـاهێڵن جێبەجـێ ببێـتو ناتانەوێـت جێبەجـێ ببێـت، ئەوا گەرەکتـانە کوردسـتانی عیـراق سـنووری پارچەکراوبێـتو هەمـووی لەیەک هەرێمـدا نەبێـت، بـۆیە ئەمە گومـانێکی مەشـروع لای کـورد

دروستدەکا لەوەی کە ئێوەش گیرۆدەی ویستو سیاسەتی چەوساندنەوەی کوردن، ئێوەش مەسەلەکەتان بۆ کورد، وەک کورد دەڵێت: لەناو دوو نانی گەرم داناوە تا ئەو ڕۆژگارەی دەسەڵاتی زۆرترتان دەبێتو تراژیدیاکانی چەوساندنەوەی کورد لەسەر دەستی ئێوە دەست پێدەکاتەوە، ئەمە لێکدانەوەو بۆچوونی شەقامی کوردستانە.

دواجار، ئەوەی کە لەقازانجی پێکەوەژیانە لەعیراقدا، ئەوەیە کە بەڕوونی بڵێین: کورد لێتان دڕدۆنگو بەگومانە، کورد ئێوەش بەهەڕەشەی ئایندە بۆسەر خۆی دەزانێت. بۆیە ئەوە ئێوەن کە دەبێت ئەو گومانو دڕدۆنگیو مەترسییەی کورد بەکردەوە بڕەوێننەوە.

### کورد موغامەرە ناکات

ئەڵبەتە ئێوە ئەو ڕاستیەش دەزانن کە کورد لەکوردستانی عیراقدا، موغامەرەی جیابوونەوە لەعیراقو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ ناکات، کە زۆر لایەنی عیراق ئێستا پێیان خۆشە کوردستانی عیراق موغامەرەی وا بکات، تا دوژمنایەتی کورد بەو موغامەرەیە پاساو بدەن. باشتروایە لایەنەکانی تری عیراق، بەشیعەو سوننەوە، دیمەنی گشتیی ناوچەکە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە قوولەکان تەماشابکەنو ئەو ڕاستییە باشتر تێبگەن کە بۆ هیچ لایەکیان ئاسان نییە درێژە بەچەوساندنەوەی کورد بدەنو بەکەم بیبینن، چونکە کورد لەناوچەکەدا نزیکەی چل ملیۆن کەسە.

بێ رەونەقبوونی فیدراڵی، بێ ڕەونەقبـوونی عیراقیـشە، بـێ ئایندەیی فیدراڵی بـێ ئاینـدەیی عیراقیـشە. بەڵام کـێ لەو بـێ رەونەقبـــوونەی بەرپرســـە، کـــورد کە بەردەوام دەهـــۆڵی بـــۆ کوتـــاوە، یـــان لایەنەکـــانی تـــری غەیـــرە کـــوردی عیـــراق، کە بەردەوام فیدراڵی دەکوتنەوە؟

* ژ: (5661) لە رۆژی (2011/10/9)

# ئێمە داخوازییەکانی هاووڵاتیان لەبیرناکەین*

لەژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا، هاوڕێم مامۆستا عەتا قەرەداغی وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (خۆپیشاندانەکان لەنێوان ململانێی نوخبەی سیاسی و جەماوەرییبووندا)، کەپێمـوایە بەشی زۆری لێکدانەوەکانی ڕاستیان تیایەو شیکردنەوەیەکی دروستن، ئەمە جگە لەوەی کەجورئەتی بەخۆی داوە ڕەخنە نەک تەنیا لەدەسەڵات، بەڵکو لەئۆپۆزسیۆن و لەهەندێ لەڕۆشنبیرانی بەردەرکی سەراش بگرێ، کەنایشارمەوە ئەگەر تا دوێنێ ڕووناکبیرێک یان نووسەرێک لەنووسینێکی ڕەخنەگرانەیدا سڵی لەدەسەڵات کردبێتەوە، ئەوا ئێستا فەزایەکی ئیرهابی، ئەڵبەتە ئیرهاب بەمانایەکی تر، لەلایەن ناوەندەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەندێ ناوەندی ڕووناکبیریش بڵاوبۆتەوە، کە بۆ ڕووناکبیر یان نووسەرێک کەدەسەڵات یان دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆن، یان دەسەڵاتی گروپێکی ڕووناکبیری لەپشت نەبێ، نەک نەوێرێ ڕاشکاوانە ڕەخنەیەک لەئۆپۆزسیۆن یان کەس و گروپە ڕووناکبیرییەکان بگرێ، بەڵکو لەم فەزا ئیرهابییەدا ئەبێ بۆ چوونە بەردەرکی سەراش نەختێک جورئەت بەخۆی بدا.

بەهەر حاڵ من مەبەستم نییە دیالۆگێکی سەرپێی لەگەڵ کاک عەتا بکەم، بەڵام ئەوەی هانیدام کە نەک وەک نووسەرێک، بەڵکو وەک کەسێکی سیاسی قسەیەک بکەم، ئەو مەترسییەیە کەمامۆستا پیشانی داوەو پێیوایە بەهۆی ئەوەوە کەدروشم و داخوازی خۆپیشاندەران کەوتە ژێر هەژموونی حزوری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەبەرپێوەبەردنی خۆپیشاندانەکان و دروشمەکانی هاووڵاتیانی سادەو بێ مەرامی سیاسی کەوتە ژێر کاریگەریی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و مامۆستا لەوە ئەترسێ کەئەو داخوازییانەی خۆپیشاندەران کورد وتەنی تیا چوون.

بەڵێ مامۆستا، بۆچوون و شیکردنەوەکەت ڕاستەو ئیتر ئەوەی خۆپیشاندەران کردیان ئەوا خەڵکی دیکە ئەیەوێ بیخوا، بەڵام ئەمەوێ دڵنیات بکەمەوە، چونکە داخوازییەکانی ئەو بەشە لەهاووڵاتیان لەگەڵ ئەجێندای زۆر لەسیاسییەکانی دەسەڵات یەک ئەگرنەوە، ئەوا ئەو داخوازییانە داکۆکیکەری خۆیان هەیەو کار بۆ جێبەجێکردنیان ئەکرێ و زۆر لەئێمە مانان نایەڵین لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن هاووڵاتیانی سادەو تۆ وتەنی بێ مەرامی سیاسی بەدەستی بەتاڵ بچنەوە ماڵ.

* ژ (5436) لە ڕۆژی (2011/3/25)

## ئەمە زادەی چییە؟

لەم دووسێ هەفتەیەی رابردوودا، دوو رووداو، یەکێک لەهەولێرو ئەویتریان لەسلێمانی، رای گشتی کوردستانیان زۆر مەشغول و نیگەران کرد.

رووداوەکەی هەولێر ئەو کارەساتە بوو کەگەنجێک، وەک بڵاوکرایەوە پێشووتریش کەتنی تری کردبوو، گەنجێکی تر ئەداتە بەر چەقۆ، وەک میدیاکان بۆیان باسکردین، زۆر بە مەحکەمی چەقۆکە ئەچەقێنێتە دڵی و نووکی چەقۆکە بە ناودڵیدا ئەهێنێ و ئەبا. میدیاکان وایان بڵاوکردەوە کە تاوانبار نۆ چەقۆی لە گەنجەکەداوە.

لەسلێمانیشدا، لەو گەڕەکەی بە جادەی پۆزەکە ناسراوە، مێرمنداڵێک، وەک ئەوەی فیلم وێنەبگرێ و دەربهێنێ، دایک و خوشک و باوکی خۆی کوشت، دواتر وەک میدیاکان وتیان زۆر بە خوێن ساردییەوە خۆی دایە دەست بنکەیەکی پۆلیس.

رووداوی یەکەم لە جادەیەکی قەڵەباڵغی هەولێر بوو، دەیان و سەدان کەس بە دیاری ئەو دیمەنەوە وەستابوون کە گەنجێک دڵی گەنجەکەی تری ئەجنی، کەس دەنگی نەکردو وەک وترا هەمووی لە ترسی تاوانبارەکە وەک تەماشاکەر مانەوەو هیچی تر. دواتر وترا کە شاهیدێک لەو هەموو حەشامەتە نەبوو راستیەکە بۆ دادوەری

لێکۆڵینەوە باس بکا، بیستمان کە دواتر شاهیدەکان بە نهێنی ئیفادەی خۆیان داوە.

با وا دابنێین ئەگەر رووداوەکەی سلێمانیش لەو دیوی حەوشەی ماڵێک نەبووایەو لەسەر جادەی پۆزەکە بوایە، چی ئەبوو، کەسێک دەست ئەکەوت رابکاو دەستی تاوانبارەکە بگرێ کە لانی کەم نەتوانێ چوار گوللە لە خوشکە جوانەمەرگەکەی بدا؟ یان لەوێش هەڕەشەیەکی تاوانبارو دوو تەقەکردن بە ئاسمانەوە هەموو حەشامەتی جادەی پۆزەکەی دوور ئەخستەوە؟

چەند شەوێک بەر لە رووداوە سامناکەکەی سلێمانی، لەگەڵ خاووخێزان بەنزیکی پارکی ئازادیدا تێئەپەڕین، بینیمان دوو کەس بە بۆکس شەڕیان بوو و لە یەکتریان ئەداو هەریەکەو هێندێ خوێن بەسەرو چاوییەوە بوو، دابەزیم تا ئاگری شەڕەکە دامرکێنمەوەو لەڕاستیدا توانیم لە یەکتریان دوورخەمەوە. دواتر پیرەکەیان هاتە لام و پێی وتم بیگرن ئەمە کوڕمەو لێم ئەدا، خوێنی دەم و چاوی خۆی پێ نیشان دام و هەر ئەیوت بیگرن. سەرم سووڕما، کوڕ لە باوکی خۆی بدا! کوڕەکە نەختێک دوور کەوتبووەوەو پشتی کردبووە ئێمەو ئەیەویست دوورکەوێتەوە، چوومە پێشی و لێم پرسی: چۆن ئەتوانی لە باوکت بدەیت؟ زۆر بە ساردییەوە وتی: ئاخر جنێوم پێ ئەدا. پێم وت ئاخۆ باوکتە رۆڵە، ئەو هەر مکوڕ بوو کە باوکی جنێوی پێداوە.

ئەو رووداوە چەند رۆژێک بە خۆیەوە مەشغوڵی کردم، بەڵام پێم وایە رووداوەکەی بەختیاری هەموومانی تاساندووە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەمە زادەی چییە؟ ئەم پاشەگەردانی و ئەم بێ پەروابییە بەرەو کوێمان ئەبا؟ ئەی چی بکەین؟.

* ژ: (5565) لە رۆژی (2011/8/23)

## بەبۆنەی تێپەڕبوونی مانگێک
## بەسەر خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرای سلێمانی

قسەکانی د.بەرهەم ساڵح لەبەردەم پەرلەمانتانـدا، زۆر ڕسـتە و دان پیانانی گرنگی تیابوو، کەپێویستی ئەکرد نەک هەر لایەنەکانی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن، بەڵکـو ئەو گەنجـانەش کە لەبەردەرکـی سەرای سلێمانیدا خۆپیشاندان ئەکەن، بەوردی گوێیان لێ بووایە.

ئەو قسەیەی کەزۆر سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەو ئاماژە ڕوونە بـوو کە وتی ((ئەم خۆپیشاندانانە دەرفەتێکە بۆ چاکسازی)).

د.بەرهەم، وەختێـک وەک سـەرۆکی لیـستی کوردسـتانی بـۆ هەڵبژاردنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان دەستنیـشانکرا، بەهەسـتیارییێکی زۆرەوە سەرپەرشـتی داڕشـتنی بەرنـامەی لیـستی کوردسـتانی کـرد. هەمـوو ئەوانەی لەگەڵیـدا لەو داڕشـتنە بەشداربوون، کەمنیش یەکێکیان بووم، بەڕوونـی لەوە گەیـشتین کە ئەو مەبەسـتیەتی گەوهەری بەرنـامەکە چاکـسازیێکی هەمەلایەنە بێت، هەر ئەمەش وایکرد کەکاتێ بۆ پێکهێنانی کابینەکە ڕاسپێردرا بەردەوام و تـا ئەو ڕۆژەی بـۆ جـاری دووەم متمـانەی پەرلەمـانی وەدەسـتهێنایەوە، هەمیـشە بەرگـری لەوە ئەکـرد کەئەو بەرنـامەی لیستی کوردستانی و بەرنامەی کاری حکومەتەکەی، کەبۆ یەکەمجار متمـانەی وەدەسـتهێنا جێبەجـێ ئەکـا. لەتەمەنـی یەک سـاڵی

حکومەتەکەیدا، د.بەرهەم هەنگاوی باشی نا بۆ چاکسازی، بەڵام بەردەوام ڕێگریشی لێ ئەکرا، وەک خۆی لەبەردەمی نوێنەرانی گەلدا دانی پیانا، لەناو حزبەکەی خۆی و لەناو حزبی هاوپەیمانیشدا کۆسپ و تەگەرەو ڕێگری لەبەردەم بوون.

دان پیانانی بەوەی کەپرۆسەی چاکسازی، هەر چەندە لەناو حکومەت و لەناو هەردوو حزبی دەسەڵات بەدەستیشدا ڕێگری هەبووە یان لانیکەم تێگەیشتنی جیاواز لەچەمک و میکانیزمەکانی چاکسازی هەبووە، یاخۆ هەوڵ هەبووە کەئەو پرۆسەیە لەسەر دەستی د.بەرهەم بەرەو پێشەوە نەچێ، بەڵام لەهەمانکاتیشدا پشتیوانیشی هەبووە، کە لەدانیشتنەکەی پەرلەماندا ئاماژەی بەو پشتیوانیانەش دا. گومانی تیانییە کەئۆپۆزسیۆنیش تا ئەندازەیەکی زۆر ڕێگربووە، نەک هاوکار. کەواتا گەرچی لەناو هەموو حزبەکان و لەناو حکومەتیشدا، ڕێگری هەبووە، بەڵام ئەنجامدانی چاکسازی، بەهەموو تێگەیشتن و ئەجێندا جیاوازو ناکۆکەکانیشیەوە، خواستێکی هەمەلایەنە بووە. لەدیدی د.بەرهەم ساڵح و لەدیدی ئێمەمانانیش، ئەو خۆپیشاندانانە، سەرەڕای تێبینی لەسەر دەستتێوەردانی ئەم حزب و ئەو حزبی ئۆپۆزسیۆنیش، کەئەمە گەورەترین کێماسی خۆپیشاندانەکانە، بەڵام دەرفەتێکی گەورەی بۆ حکومەت و پەرلەمان خوڵقاند تا باشتر بەئاقاری چاکسازیدا هەنگاو هەڵێنێ، چونکە ئیتر ئەو ڕاستیەی بۆ ڕێگرانی چاکسازیش سەلماند، کەناتوانرێ چیتر، پرۆسەی چاکسازی بکرێتە دەسکەلای هەندێ ناکۆکی و ململانێی حزبی و شەخسی، بەتایبەت ئەگەر تا خۆپیشاندانەکان چاکسازی وەک دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ کەسێک یان کاراکتەرێکی ناو دەسەڵات تۆمار کرابایە، ئەوا ئەمڕۆ

کاراکتەرەکە لەکەسێک، یان لەحزبێکدا کورت ناکرێتەوە، کەڕەنگە جاران ئەو مەسەلەیە ڕێگرێکی کارا بووبێ لەو بوارەدا.

کەواتە، ئێستا وەختی ئەوە هاتووە، خۆپیشاندەرانیش لەو ڕاستییە بگەن و مانگێک خۆپیشاندانی خۆیان بکەنە سەرمایەیەکی مەعنەوی گەورە بۆ فراوانکردن و کاراکردنی چاکسازی، بەتایبەت کەئیتر شوێن پەنجەی ئەوان بەسەر پرۆسەکەدا بەڕوونی دیار ئەبێ و تۆماری دەستکەوتەکەش بەهیچ کەس و لایەنێک قۆرخ ناکرێ.

* ژ: (5434) لە ڕۆژی (2011/3/20).

# لەبەر ڕۆشنایی دوا کۆبوونەوەی یەکێتی و پارتیدا*

لەکۆبـوونەوەی دوێنێـی هەردوو مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتـی و پارتیـدا، تەوەرێکـی هەرە گرنـگ بـۆ پەیوەنـدیی نێـوان هەردوولا تەرخان کرابوو، کەئەو پەیوەندییە بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان هەردوولا ساڵی (2007) گەیشتە ئاستی هاوپەیمانییەتیێکی درێژخایەن، کە بەو پێیە هەردوولا لەئاستی کوردستان و عیراق و نـاوچەکە دەسـتکەوتی زۆریـان بەدەسـتهێنا، بەتـایبەت بـارێکی ئاسـاییتری بـۆ ژیـانی سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، ئـابووری و ئیـداری لەکوردستاندا خوڵقاند، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەلایـێکەوە بەهـۆی بەباشی دانەبەزینی ڕۆحی ڕێککەوتنەکەو خاوخلیچی و کارانەبوونی میکانیزمەکـانی گـۆڕینی ڕێککەوتـنەکە بەحـاڵەتێکی سـەراپاگیر لەحـوکمڕانی و بوارەکـانی تـرداو هەروا لەلایەکـی تریـشەوە بەهـۆی ئەو هەمـوو دژایەتیـیەی کەڕێککەوتـنەکە لەلایەن نەیـارانی پـارتی و یەکێتـی بەردەوام ڕووبەڕووی ئەبێـتەوە، لەیەک وەختـدا بەڕادەی جۆراوجۆر لەناو ڕیزەکانی هەردوولاو لەناو هاوواڵتیانیـشدا، گلەیـی و سـەرنجی جۆراوجـۆر ڕووبەڕووی ڕێککەوتـنەکە ئەبێـتەوەو بـۆتە جۆرێـک لەواقیعـی هەسـتپێکراو لەلای سـەرکردایەتی هەردوو حزبیشەوە. ڕەنگە هەر لایەنەو هەر کەسە بۆ ئەو واقیعە پاساوی هەبێ، بەڵام ئەگەر تـا دوێنـێ کـاری هەریەکە لەیەکێتـی و پـارتی

بەجیاو پـێکەوەش بریتـی بـووبێ لەپاسـاوهێنانەوە بـۆ وەڵامـی ئەو پرسـیارەی کە بـۆچی ڕێککەوتـنەکە تـا ئەو ئاسـتە کـاراو کـاریگەر نەبـووە کەئامـانجی ڕێککەوتـنەکە بـووە، کە ئەبـووایە گـۆڕانێکی لەوەی ئێـستا زۆرتـرو قـووڵتری بهێنابـایە ئـاراوە، ئەوا ئەمـڕۆ بەرجەستە بوونی ئەو پابەندبوونەی کەهەردوولا لەدوا کۆبوونەوەشدا تەئکیدیان لەسەر کردەوە، بریتییە لەوەی کە چۆن ڕێککەوتنەکە تـا ئەو ئاسـت و ئەنـدازەیە کـاراو کـاریگەر بکـرێ کەواقیعێکـی تەواو جیاواز لەهەموو ئاسـت و بوارەکانـدا بێنێـتە ئـاراوەو ڕێککەوتـنەکە، ببێـتەوە بەهێزێکـی مـاددی و مەعـنەوی ئەوتـۆ کەوەک سـەرەتای ئیمزاکردنەکەی هەلومەرجێکی مەقبـولترو گونجـاوتر، نەک تەنیـا بـۆ هەردوولای ڕێککەوتـنەکە، بەڵکـو بـۆ سـەراپای کوردسـتان بێنێـتە ئاراوە، کەهەر ئەمەش ئامانجی سەرەکی ڕێککەوتنەکە بووە.

بەکورتی، ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و پارتی، تائێستا ڕۆڵێکـی زۆری هەبـووە لەهێنـانە ئـارای وەرچەرخـانێکی گرنـگ لەکوردسـتان و ڕێکخستنەوەی ژیـانی سیاسـیی کوردسـتان، ئەبـێ لەسـەر ئەو ڕۆڵ بینیـنەی بەردەوام بێـت، چـونکە هەر بەو جـۆرە یەکێتی و پـارتی و لایەنەکـانی تـری کوردسـتانیش ئەتـوانن تەواوی قورسایی خۆیان بخەنە خزمەتی ئامانجە هاوبەشەکان لەکوردسـتان و لەبەغداو هەر بەو هۆیەشەوە هەلـومەرجی سیاسـیی کوردسـتان و هەمـوو ئەو چاکـسازییانەی لەبەرنامەمانـدایە، باشـترو کـاریگەرترو خێراتر وەدی بێنین.

بۆیە، زۆر گرنگە کەیەکێتی و پارتی پێکەوەو وەک یەک تیم کـار بکەن لەسەر چارەکردنی هەموو ئەو سـەرنج و تێبینـی و گلەیـانەش کە لەبەر هەر هـۆیەک بێـت لەسـەر ئەدائـی ڕێککەوتـنەکە دروسـت

بووه. دوا کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیش، تەئکید کردنەوە بوو لەسەر کارکردنێکی شەفافانەی بە بەرنامەتر لەسەر هەموو تەوەرەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژی.

* ژ: (5390) لە ڕۆژی (2011/1/28)

## دوور لەدەمارگیریی بامەترسییە گەورەکە ببینین

خۆپیشاندانی بەشێک لەهاووڵاتیان لەسلێمانی و هەندێ شارۆچکەی تری پارێزگاکە رۆژانە هەیە، هەرچەندە ئێستا شێوازی خۆپیشاندانەکان نەرمتر بووە، بەڵام ئەو راستییە ناشاردرێتەوە کە نەک تەنیاکاروکاسپی خەڵکی زەحمەت کردووە، بەڵکو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و مەترسی ئایندەی ئەم هەرێمەشی زیاد کردووە، بەتایبەت لای ئەو زۆرینەیەی کەهێشتا لەبارەی ئەم بارودۆخەوە قسەی خۆی نەکردووە. ئەو دوودڵی و مەترسییەش دوای ئەوەی کۆبوونەوەی پێرێی پێنج حزبەکە لەئەنجومەنی وەزیران بەئەنجامێک نەگەیشت و کۆبوونەوەی سەرکردەکانی هەرسێ حزبەکەی ئۆپۆزسیۆنیش، کەدوێنی لەبارەگای سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان بەڕێوەچوو ئەنجامێکی لێ دەرنەکەوت، بەپێی هەموو لۆژیکێک دڵەڕاوکێی و نیگەرانی و بگرە مەترسییەکەش زۆتر بووە.

مەبەستم لەمەترسییەکەش تەنیا ئەوە نییە کەپۆلیس و خۆپیشاندەر چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتر ئەکەن، کەهەمیشە تەمەنناى ئەوە ئەکەم برایانەو دۆستانە مامەڵەی یەکتر بکەن، وەک چۆن مەبەستم ئەوەش نییە کە کام لا، دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن هێزی جەماوەری زۆرتری خۆی نیشان ئەدا،

کەئەمــانەش هەمــوو مەترســین، بەڵام بەڕای مــن مەترســییە گەورەکە لەسەر ئایندەی ئەزموونی کوردستانە.

تکام وایە خـوێنەری بەڕێـز، سـەر بەهەر لایەنێکیـت و سـەر بەهەر حزب و گروپێکیت، یاخود سـەربەخۆیت و تەنیـا لەڕێـی فەیـسبوکەوە کارەکانـت ڕێـک ئەخەی، ئەم قـسەیەم لەبـارەی هەبوونی مەترسی جددی لەسەر ئەزموونەکەمان نە بەتـاکتیکی سیاسـی تێـبگەو نە بەو قـسەیە تێـبگە کەبـۆ هێـورکردنەوە ئەیـکەم، کە تەمەننـا ئەکەم دەوری هێـورکردنەوەش بگێـڕێ، بەڵام ئامانجی سـەرەکیم لەم نووسـینەداو لەم بـارودۆخەدا، کە بەتەمـا نەبــووم هــیچ وتــارێکی بیــروڕا بڵاوبــکەمەوە، ئەوەیە کەهەمووتـــان لەو مەترســـییەی خـــۆم بەشـــداری پێـــبکەم، مەترسییێک کەهیچ یەکێـک لەکورد بەتـاک و بەحزبەکانیـشەوە براوە نابن و قازانج ناکەن.

بەدەربڕینێکـــی تـــر، مـــن نـــاتوانم ئاینـــدەی نزیکـــی ئەو کێشمەکێـشەی سەرشـەقام و نێـوان دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن پێـــشبینی بـــکەم، بەڵام هەر خوێنـــدنەوەیەکی وردی دوور لەسیاسـەتبازی و فەلـسەفەبازی بـۆ ئاراسـتەی ڕووداوەکـان و ئایندەی ڕووداوەکـان، پێمـان ئەڵـێ کـوردینە ئەزموونەکەتـان لەبەردەم مەترسی یەکجار جددی دایە.

گرنگیش نییە کـێ گوناهبـار دەرئەچـێ و دواتـر مێـژوو کـێ تاوانبــار ئەکــا، یــاخود دوای ڕووداونــی کارەســاتی تێکچــوونی ئەزموونەکەمـــان ئێمەمانـــانی نووســـەرو ڕۆژنـــامەنووس و ڕوونــاکبیر، بەوە ســـەرگەرم ئەبـــین کە بەچ میتۆدێــک ئەم بـڕگەیە لەمێـژووی گەلەکەمـان هەڵـسەنگێنین و تەفـسیری بـۆ

بکەین، لەبیرمان نەچێ هەموو تەفسیرە جۆراوجۆرەکانی نەمانی کۆماری مەهابادو سەرنەکەوتنی شۆڕشی ئەیلول و ئەوانی تریش نەیانتوانی بۆ نموونە قەرەبووی دەستکەوت و ئەزموونی کۆماری مەهابادمان بۆ بکەنەوە.

خوێنەری بەڕێز، باوردترو هەر کەسە لای خۆیەوە ئەگەرەکانی پەرەسەندنی ئەم بارودۆخە بخوێنێتەوە، تەنیا لەو روانگەیەوە نا کە کێ چی دەست ئەکەوێ و کێ چی ئەدۆڕێنێ، لەو روانگەیەوە نا پڕۆژەی چاکسازیی کام لایەن ئەچێتە بەرنامەوەو هی کێ ناچێتە بەرنامەوە، بەڵکو لەڕوانگەی ئەگەرە مەترسیدارەکانەوە بیخوێننەوە، ئەو ئەگەرانەی کەدوای بیست ساڵ لەهەبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، هەڕەشەی بەرچاون لەسەر مان و نەمانی ئەزموونەکە. با بیر بکەینەوە، ئایا مەرگی ئەزموونەکەمان لەگەڵ یادی ئەو راپەڕینەدایە کەشانازیی پێوە ئەکەین و چەند رۆژێکی تر ساڵیادیەتی؟

* ژ: (5412) لەڕۆژی (2011/2/23).

# IV

## پەراوێزیتانیش بۆ وەفا

## لەیادی شۆڕشی ئەیلولدا
## درودیش بۆ باوکم، سڵاویش لەدایکم

دوێنێ یادی پەنجاساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بوو، کەتەنیا بەهۆیەکی تەکنیکییەوە ڕاگەیاندنی یەکێتی کە من سەرپەرشتی ئەکەم لەیادکردنەوەکەیدا دوا کەوت. بۆیە بەیانییەکەی چەندین برای خۆشەویست سەرنجیان بۆ ئەو هەڵە تەکنیکیە ڕاکێشام، چونکە ئیجازەی هەمووانم وەرنەگرتووە بۆیە ناویان نابەم تەنیا ناوی هەڤاڵ مام جەلال دێنم کە بەناوی ئەوەوە ئۆفیسەکەی بیریان خستمەوە. بەڵێ گلەییەکە لەجێی خۆیەتی بەتایبەت کە بەڕێزێک کە گلەییەکەی بۆ ناردم وتبووی شۆڕشی ئەیلول هی باوک و دایکی ئازادیش بوو، بەوهۆیەوە کەباوکم کەسێکی دیاری شۆڕشەکە بوو، دایکیشم بەشدارو لەبازنەیەکی بەرتەسکتردا لەناو سەرکردایەتی شۆڕشەکەدا ناسراو بوو، ئەڵبەتە بەوهۆیەشەوە کە بەرپرسی ڕاگەیاندنی حزبێکم کەسکرتێرەکەی لەدەستپێک و گەشەکردنی شۆڕشی ئەیلولدا سەرکردەیەکی دیار بووەو جێ پەنجەی بەسەر تەواوی مێژووەکەدا دیار بووە، بۆیە ئەو گلەییە ئەگەر ڕەخنەش بێت و ئەگەر بەتوندتریش لێم بگیرابایە هەر قبوڵم بوو.

شۆڕشی ئەیلول، وەک بەڕێز مـام جەلال پێـی ئەڵـێ ((شۆڕشـی مەزنی ئەیلـول)) قۆنـاغێکی یەکجـار گرنگـی تێکۆشـانی گەلەکەمـان بـووە، کەکــاریگەریی ســەرهەڵدان و شکستیــشی، تەنیــا بەســەر گەلەکەمـانەوە نەبـووە، بەڵکـو کـاریگەریی و لێکەوتەکـانی بەسـەر مێژووی عیراق و ناوچەکەشەوە دیارە.

بەڵام بـۆ مـن، گەرچـی لەوەختــی دەسـتپێکردنی شۆڕشــەکەدا تەمەنم تەنیا شەش ساڵان بووە، بەڵام بیروەریـی وام لەیادەوەرییـدا ماون کەشایانی گێڕانەوەن، بۆ نموونە کەشۆڕش دەستی پێکردووە، باوکم کە بە وەهاب ئاغای ڕواندز ناسـرا بـوو لەگەڵ ڕەشـیدی مـامم دوورخرابــوونەوەو دوو مــام و چەنــد خزمێکیــشمان بەو هــۆیەوە گیرابوون. بیرەوەریـی سـەردانەکانی خـۆم و دایکەکـانم و براکـانم و خوشـکەکانم بـۆ لای بـاوکم و مـامم وەک خۆیـان لەیادەوەرییمـدا زینــدوون. ئەو ڕۆژەشــم جــوان لەبیــرە کەدوای ڕووخــانی ڕژێمــی عەبدولکەریم قاسم باوکم ئـازاد کـراو لەبیـرمە کە لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆر لەخەڵـک تـا شـەقڵاوە بەپیـریەوە چـووین. ئەو ڕۆژەشـم چـاک لەبیـرە کەهەردوو مـامم سـەعیدو ئەحمەدیـاب و خزمەکـانی ترمـان کەهێندێکیان لەنـوگرە سـەلمان و هەندێکیـشیان لەڕومـادی زینـدانی کرابــوون، ئــازادکران و گەڕانەوە، وەک چــۆن ئەوەشــم لەبیــرە کەمـامۆژنێکم لەخۆشـی گەڕانەوەی مێـردە زینـدانییەکەی هەلـهەلەی لێـداو پیـاوان لێـی وەدەنـگ هـاتن و سەرزەنـشتیان کـرد کەبـۆچی هەلهەلە لێ ئەدا.

وەک چۆن ئەوەشم لەبیرە کەدوای ئازادبوونی باوکم چەندین دێی ناوچەکەمــان پــێکەوە بەخەڵــک و جوگرافیــایەوە پەیوەنــدییان بەشۆڕشـەوە کـردو ئەو ڕۆژەم زۆر چـاک لەبیـرە کە بـۆ پـشتگیریی

پەیوەنـدی کردنەکەیـان و ئـازادکردنی چەنـدین شـاخ و دێهـات ژمـارەیەک پێـشمەرگە بەڕۆژ هـاتنە دێیەکەمـان، کەجـاران تەنیـا بەشەو ئەهاتنە لامان.

بیرمە کەدوای ماوەیەک هێزەکانی حکومەت لەگردوگۆی دامێنـی زۆزکەوە تۆپبـارانی گونـدەکەمانیان کـردو خوالێخۆشـبوو نەبـی ئەحـمەدە ڕەش بەسـەختی برینـداربوو و تـاقە کەوەکەشـم سـاچمەیەکی بەرکەوت. بیریـشمە کەشـەوداهات ژن و منـاڵی گوندەکەمان هەمووی بەرەو گوندی ماویلیان بەڕێکراین.

ئەوەشـم بیـر نـاچێتەوە کە مـاوەیەک بەر لە تۆپبـارانکردنی دێیەکەمان خوالێخۆشبوو عەزیـز عەقـراوی فەرمانـدەی ئەو نـاوچەیە بـوو، یارمەتییێکیـان بەسـەر پێـشمەرگەکان دابەشـکردو منـیش پـێم داگرت و وتم منیش یارمەتیەکەم ئەوێ، بیرمە موافەقەی ئەوەی بـۆ کردم کەنیودینارم بدەنێ. ئەو نیودینـارەم وەک شـتێکی پیـرۆز لای دایکم هەڵگرت تا بەیانی لەیەکێک لە دانوستانەکانی نێـوان شـۆڕش و حکومەت کە بۆ یەکەمجار دوای جێهێشتنی ناوچەکە منیـان بـردە ڕواندز، نیودینارەکەم لەوێ خەرج کرد.

بیـرمە کەپـێم وابـێ ئەبـێ 1963 یـان 1964 بـووبێ جەنـابی بـارزانی نەمـر هـاتە ماڵمـان لەگونـدی خانەقـاو کـاک مەسعودیـشی لەگەڵ بوو و چەند ڕۆژو شەوێک لامان مانەوە، هەر لەوێش جەنـابی مام جەلالم بۆ یەکەمجار بینی کە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانی نەمر هاتنە دێیەکە.

چەندین جاری ترو لەچەندین ساڵی تـردا بیـرمە کە لەگەڵ دایکـم لەدیلمان و لە بەردی تەشی ڕێسی حاجی ئۆمەران ئەچـووینە مـاڵی بارزانی نەمرو چەند ڕۆژێک ئەماینەوەو لە گەڵ دایکم بارزانی نەمـرم

ئەبینــی و بێگومــان خوالێخۆشــبوو حەمایــل خانیــشم زۆر ئەبینــی کەهەر لەســەردەمی کۆمــاری مەهابــادەوە لەگەڵ دایکــم زۆر دۆســت بوون.

بیریــشمە کەشۆڕشــی ئەیلــول تووشــی نــسکۆ بــوو ماڵمــان لەئۆردوگــای زێــوەی مەرگەوەڕی ئێــران بــوو، مــن و نەژادی عزیــز سورمێ پێکەوە گوێمان لەو گۆرانیەی تایەر تۆفیق ئەگرت کەئەڵــێ (قەلبــی مــن چەشــنی لالە بێــت و نەوتــی تــێ بــکەی)و پــێکەوەش لەگەڵ گۆرانیەکەدا شینمان بۆ شۆڕش ئەگێڕا.

ئەو گێــڕانەوانەم بــۆ ئەوە بــوو کەبڵــێم زۆربەی هەرە زۆرمــان بیرەوەرییمــــان لەگەڵ ئەو شۆڕشــــەدا هەیە، خۆشــــمان ئەگەر ڕاســتەوخۆ نەمــان بــێ بــاوک و بــراو مــام و خــاڵ و دایکانمــان بیروەرییان هەیە، بۆیە بەڵــێ شۆڕشی ئەیلول شۆڕشــی هەموومــان بووەو یادکردنەوەشی یادکردنەوەی بەشێکە لەمێژووی هەر یەکەمــان هەر بۆیە سڵاو لەگیانی بارزانی نەمر و سڵاو لەهەڤــاڵ مــام جەلال و لەگیــانی مامۆســتا بــرایم ئەحــمەدو ســەرکردەکانی شۆڕشــی ئەیلــول بەمردوو و زینــدووەکانییەوە، بەشــێکە لەوەفــاداری بــۆ تێکۆشــەرانی ئەو شۆڕشە مەزنە.

وەک چــۆن نــاردنی ســڵاوی تــایبەتم بــۆ گیــانی نەمــری بــاوکم کەپێــشمەرگەو دڵــسۆزێکی شۆڕشــەکەبوو هەروا بــۆ گیــانی پیــرۆزی دایکــم کە تــا سەرئێــسقان مریــدی شۆڕشــەکە بــوو، جێبەجێکردنــی ئەرکێکی بچووکی ئەمەکداریمە بۆ ئەو دوو زاتە مەزنەش.

* ژ: (5578) لەڕۆژی (2011/9/12).

## لەساڵڕۆژی شەهید بوونی کاکە کوێستانیدا
## ئاوێتەیەک لە مێژووی شۆڕشو ژیانی کاراکتەرەکانی

زۆرجاروتومە کە تێکۆشانو سەختی ئەو تێکۆشانەی گەلەکەمانو یەکێتــیش بە تــایبەتی، دەرفەتــی ئەوەی نەدا کە نەوە نوێکــانی گەلەکەمــان زۆر لەو تێکۆشــەرانە ببیــنن کە بە درێژایــی کــاروانی خەبــات شــەهید بــوون. یەکێــک لەو تێکۆشــەرانە کــاک حەســەن کوێستانی بوو، کە شەهید بووو نەوەی نوێ نەیانناسـی، کە دڵنیـام ئەگەروا زوو شەهید نەبووایە، ئێستا نەوەی نوێشوەک ئێمەمانان لە یادی شەهید بوونیدا زۆر قسەیان ئەبوو لەبارەیەوە بیانکردایە. یان ڕەنگەوەکو ئـێمە بیانووتـایە کە ((هێـشتا زۆر قـسەی تـرم لەسـەر فڵانە شەهید ماوە بیانکەم)).

لە ســالڕۆژی شــەهید بــوونی هەڤــاڵ حەســەن کوێــستانیدا، بۆخــۆم هەمیــشە قــسەی تــازەم هەیە، چــونکە تەنیــاوەک شــەهیدێکو دۆســتو هــاوڕێو هاوســەنگەرێک مــامەڵە لەگەڵ شـــەهیدێکی لەو ئاســـتەدا نـــاکەم، بەڵکـــو یـــادکردنەوەکەی ئەبەســـتمەوە بە ســـەراپای هەڵومەرجـــی تێکۆشـــانو شـــەهید بوونیـشی، بە تـایبەت چـونکە کەسـانیوەک کـاک کوێـستانی لە قۆناغی جیاجیادا کاراکتەری یاری شـۆڕشو تێکۆشـان بـوون. لە ساڵیادی ئەمجارەیدا ئەمەوێ ئامـاژە بە ڕۆڵـی تـاکی تێکۆشـەرو

ڕۆڵەکەی بدەمو بپرسم داخـۆ بـۆچی ئەویٚ ڕۆژێ لە نـاو سـەدان تێکۆشەری ناوچەی باڵەکایەتیدا شـەهید حەسـەن لە هەموومـان زۆرتـر دەرکەوت ؟ ئایـا ئەمە پەیوەنـدی بە توانـاو لێوەشـاوەیی ئەو نەبـوو لە هەلومەرجـی ئەوکاتیـدا ؟ بێگومـان لێوەشـاوەیی ئەو وەک کاراکتەرێـــک تـــا ئەنـــدازەیەکی زۆر ســـەبارەت بە دەرکەوتنەکەی یەکلاکەرەوە بوو. بەواتایەکی دیـکە هەلـومەرجی ئەو ڕۆژگـارە، کە بە هەمـوو پێودانگێـگ هەلـومەرجێکی سـەخت بـوو دەرفەتــی خــۆ ســەلماندن لە ڕووی زاتــیەوە، بــۆ هەمــوو تێکۆشەرانوەک یەک نەبوو، چونکە ئامادەگی سیاسی، فیکری، جەمـاوەریو پێـشمەرگایەتی لای هەمـووانوەک یەک نەبـوو، هەر بـۆیەش ئاســتی دەرکەوتــن لە یەکـێکەوە بـۆ یەکێکـی تــر، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بوو. کاک حەسەن لە ناو هەڤاڵەکانیـداو لەو سـەردەمدا لە هەمـوو ئەو بـوارانەی سـەرەوە پـێکەوە ئامـادەگی بەرچـاوتری هەبـوو، بـۆیە ئەو لە هەمـووان زۆرتر دەرکەوتو هەموومانی لەسەر ئەو بۆچـوونە کـۆکردەوە کە ئەو ئەتـوانێ لە ئێمەمانــان لە پێـشەوەتربێ، بـۆیە زۆربەمــان بووینە پـشتیوانی ئەوو ڕۆڵـی خۆمانمـان گێـڕا لە بەهێزترکردنـی کاراکتەری شۆڕشگێڕانەی ئەو.

بەڕای مـنوەختــی ئەوە هــاتووە، کە ئیتــر ئەوانەی شــارەزاییان هەیەو ئەوانەی ئەتوانن لەو بوارەدا کار بـکەن، نووسـینەوەی ژیـانی ئەو تێکۆشەرانەوەک بەشێک لە مێژووی ئەو سەردەمە بنووسـنەوەو ئەوان لە بـازنەی مێـژووی ئەو سـەردەمدا بـۆ نەوەی نـوێ پیناسـە بـکەنەوە، کە لە ڕاسـتیدا ئەبێـتە پێناسـەکردنەوەی ئەو سـەردەمە خۆیشی.واتاوەختـی ئەوە هـاتووە، کە مێـژووی شـۆڕش لە مێـژووی

کاراکتەرەکانیو هەروا ژیـانی کارکتەرەکانیـشی لە مێـژووی شۆڕشـدا بنووسرێتەوە، چونکە شۆڕشو کاراکتەرەکانی ئاوێتەی یەکترن.

* ژ: (5578) لەڕۆژی (2011/9/12).